# بازرگانیو پیشەسازی

http://www.sulcci.com

ڕۆژنامەیەکی ئابورییە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 23

2023-2-26



ریکلام






لەکێڵگەوە تا چەتاڵ

3 «





سلێمانی لەئاستی عێراقدا خۆشخۆرترین شارە

8 «





وەرزشو بزنس

16 «




# ناجێگیریی نرخی دۆلار بازاڕی ناسەقامگیر کردووە


11-5 «


## بازاڕ پڕ بووە لەتابلۆکانی داشکاندن


7 «

# ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا کۆبونەوە

**سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو نەوزاد رەباتی جێگری سەرۆک لەگەڵ سەرۆکانی ژوورە بازرگانیەکانی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر لەگەڵ کۆنسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کۆبونەوە.**



**لەکۆبونەوەکەدا باس لەپەیوەندییە** ئابوریو بازرگانیەکان کرا لەنێوان هەرێمی کوردستانو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ئێرڤن هیکس جونیەر، کۆنسوڵی گشتیی ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان، رایگەیاند "لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا شاندێکی گەورەی بازرگانی کە پێکهاتووە لەبازرگانانو خاوەن کۆمپانیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی هەریمی کوردستان دەکەن بەمەبەستی ئاشنا بوون بەرەوشی ئابوری هەرێمی کوردستانو کار و پرۆژەکانو لەنزیکەوە ناسینی بازرگانانو سەرمایەدارەکان".

راشیگەیاند "هیوادارین بتوانرێت کارو پرۆژەی هاوبەش لەنێوان بازرگانانی ئەمریکاو هەرێمی کوردستان زیاتر بێتو بتوانن کاری هاوبەش ئەنجام بدەن".

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووریو بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەبارەی ئەم کۆبونەوەیەوە رایگەیاند "خۆشحاڵ دەبین بەهاتنی شاندی بازرگانانی ئەمریکاو لەپێشوازیاندا دەبین، هیوادارین بتوانین پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانمان بەهێز بکەین، کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی ئەمریکا لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان کاری هاوبەش ئەنجام بدەن".

راشیگەیاند "هیوادارین ئاسانکاری بۆ بازرگانانو سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان بکرێت کە لەداهاتوودا سەردانی ئەمریکا بکەن بەمەبەستی ئاشنا بوون بەشێوازی کارکردنی کۆمپانیاو کارگەکانو ئەنجامدانی کاری هاوبەش".

# شاندی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەدوبەی لەگەڵ بازرگانانی ئەمریکا کۆبونەوە

**سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەیاوەری ژمارەیەک لەبازرگانانی بواری خۆراک، بەشدارە لەپێشەنگای نێودەوڵەتی دوبەی لەوڵاتی ئیمارات.**




سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی رایگەیاند "لەگەڵ جینی موجان، راوێژکاری کشتوکاڵی لەباڵوێزخانەکانی ئەمریکا لەمیسرو عێراقو ئیماراتو لوبنان، شاندێکی ئەمریکی کە لەخاوەن کۆمپانیاو کارگەکانی ئەمریکا پێکهاتبوونو لەبوارەکانی خۆراکو کشتوکاڵ کاردەکەن لەپێشەنگای نێودەوڵەتی دوبەی کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا".

سەرۆکی ژوور ڕاشیگەیاند "لەکۆبوونەکەدا باسی رەوشی ئابوری شاری سلێمانیمان کرد لەبارەی کەرتەکانی بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵی گفتوگۆمان کردو ئاماژەمان بەوەدا شاری سلێمانی گەشەکردنو پێشکەوتنی باشی لەو بوارانەدا بەدەستهێناوەو خاوەنی گەورەترین پرۆژەی گەنجینەیە لەسەر ئاستی عێراق کە لەلایەن ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیەوە دروستکراوەو سلێمانی کردوەتە سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ کە کاڵاو شتومەکی تێدا هەڵدەگیرێتو دەنێرێت بۆ سەرجەم شارەکانی تری عێراق، لەپرۆژەی گەنجینەکاندا بازرگانان لەسەرجەم بوارەکاندا کار دەکەنو هیوادارم ئێوەش بتوانن سەردانی شاری سلێمانیو پرۆژەکە بکەن تاکو بتوانن گرێبەستی کارکردنی هاوبەش لەگەڵ بازرگانانی سلێمانی ئەنجامبدەن".

سەرۆکی ژوور ئەوەی روون کردەوە کە ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی تاکە ژوورە لەسەر ئاستی عێراق بەشی کشتوکاڵی کردوەتەوە، ئەو وتی "ئەم بەشە چەندین کارو پرۆژەی بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ ئەنجامداوەو هەمیشە پشتیوانی ئەو وەبەرهێنەرو بازرگانانەی کردوە کە لەبواری کشتوکاڵدا کاردەکەن، لەبواری پیشەسازیشدا شاری سلێمانی پێشکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، بەشێکی زۆری کارگە گەورەکان لەشاری سلێمانین، لەبوارەکانی خواردەمەنیو دەرمانو کەرەستەی بیناسازیو قیرو چەندین بواری دیکە کاردەکەن، بەشێک لەم کارگانە دەتوانن بەرهەمەکانیان هەناردەی دەرەوە بکەن، لەسەر ئاستی پەلەوەریش زۆرترین گێڵگەی پەلەوەری لەشاری سلێمانیەو دەتوانن دوو هێندەی خواستی بازاڕ مریشکی زیندوو بەرهەم بهێنن، ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی هەمیشە پشتیوانی پرۆژەی بچوک بووە".

سەرۆکی ژوور ئاماژەی بەوەش دا کە لەپێشانگەی نێودەوڵەتی دوبەی لەبواری خۆراکدا، نزیکەی ١٠٠ کۆمپانیای ئەمریکی بەشدارن بوونو شوێنی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەو وتی "کۆمپانیا ئەمەریکییەکان داوایان لێکردم سەردانی شوێنەکەیان بکەم، پێکەوە کۆبووینەوەو بەفەرمی بانگهێشتم کردنو بەڵێنیان پێدام مانگی شەشی ئەمساڵی ٢٠٢٣ سەردانی هەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی بکەن، کۆبونەوەکەمان زیاتر لەکاتژمێرێکی خایاندو کاک دارا خاوەنی کۆمپانیای دپلڤین سی لەکۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو".

جینی موجان، ڕاوێژکاری کشتوکاڵی لەباڵوێزخانەکانی ئەمریکا لەمیسرو عێراقاو ئیماراتو لوبنان رایگەیاند "خۆشحاڵ بووم بە لەنزیکەوە ئاشنا بوون بەسەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو سوپاسی بەرێزیان دەکەم بۆ پێدانی زانیارییەکان لەبارەی هەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی، لەئایندەیەکی نزیکدا، لەگەڵ شاندێکی گەورەی بازرگانی، سەردانی هەرێمی کوردستانو ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکەین، تاکو بەبازرگانانو وەبەرهێنەرانی سلێمانی ئاشنا بین، بتوانین هانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بدەین لەشاری سلێمانی پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەنو کاری هاوبەش بکەن لەگەڵ بازرگانانی سلێمانی، جێگەی خۆشحاڵییە کە لەشاری سلێمانی چەندین بازرگانانو کۆمپانیا هەن لەئێستادا لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییە ئەمریکیو ئەوروپییەکان کار دەکەنو هیوادارین بتوانین پەیوەندییە ئابورییەکان زیاتر و بەهێزتر بکەین، بەهەموو شێوازێک هەوڵەکانمان لەم بارەیەوە دەخەینە گەڕ".

# لەکێڵگەوە تا چەتاڵ

## کۆمپانیاکانی ئەمەریکا چۆن دەتوانن وەبەرهێنان لەکوردستاندا بکەن؟

**ئا: بازرگانیو پیشەسازی**

**ئەمەریکییەکان لەمیانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکانی کوردستان لەماوەی رابردوودا ئاماژەیان بەوە کردووە کە خوازیارن کۆمپانیاکانیان لەبواری کشتوکاڵو پیشەسازی خۆراکدا لەکێڵگەوە تا دەگات بەچەتاڵ هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی لەدابینکردنی پێداویستییەکانیدا پشت بەخۆی ببەستێت، شارەزایەکی بواری کشتوکاڵیش دەڵێت "خاکو کەشوهەوای کوردستان زۆر لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردنو دروستکردنی پیشەسازی خۆراکو دەرفەتی ئەوەش لەبارە کۆمپانیا ئەمریکییەکان وەبەرهێنانی تیا بکەن".**

ماوەیەکە کاربەدەستانی ئەمریکی پەیوەندیادر بەلایەنی ئابوری، لەزۆربەی کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکانی کوردستانو خاوەنکارانی هەرێمدا، ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن کە هاوکارییەکی هەمە لایەنە کوردستان بکەن بەمەبەستی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵیو پیشەسازی خۆراک، بەتایبەتی لەو بوارە کشتوکاڵیانەی کە لەهەرێم لەبارە بۆ گەشە کردنو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دانیشتوانن، بۆ ئەو مەبەستەش خوازیارن زانیاری تەواویان هەبێت دەربارەی داواکاری ئەو کۆمپانیایانەی لەکەرتی کشتوکاڵو پیشەسازی خۆراک لەهەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

لەمبارەوە شارەزایەکی بواری کشتوکاڵ جەغت لەوە دەکات کە خاکو کەشوهەوای کوردستان زۆر لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردنو دروستکردنی پیشەسازی خۆراکیو ئەگەر بەپلان وەبەرهێنانی تیا بکرێت، کوردستان نەک هەر دەتوانێت بگاتە ئاستی خۆبژێویی، بەڵکو دەتوانێت زۆر زیاتر لەپێویستییەکانی خۆی بەرهەم بهێنێتو هەناردەی دەرەوەشی بکات.

وەسفی خەلیل، راوێژکاری کشتوکاڵی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو شارەزا لەبواری کشتوکاڵ، بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند لەهەرێمی کوردستاندا هەموو کەرەستە پێویستەکانی بەردەستن بۆ گەشەی کەرتی کشتوکاڵیو پیشەسازی خۆراک، بەڵام بەو مەرجەی بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو بەڕێوەببرێتو تەکنیکو تەکنەلۆجیای نوێی بواری کشتوکاڵی بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەو وتی "بۆ نمونە یەکێک لە بابەتە پێویستو گرنگەکانی ئێمە دابینکردنی ئالیکە بۆ کێڵگە پەلەوەریەکانو ئاژەڵداری، ئەمەش پشت دەبەستێت بەگەنمەشامی بەپلەی یەکەم لەگەڵ کۆمەڵێک مادەی تر کە لەدەرەوە هاوردە دەکرێت وەک سۆیا، ئێمە لەکوردستان مادە سەرەکیەکانی ئالیک لەدەرەوەی کوردستان هاوردە دەکەین، بەڵام دەتوانین زۆرێک لەپێداویستیەکانن ئالیک لەناوخۆدا بەرهەم بهێنین جگە لەسۆیا".

وتیشی "کاتی خۆی لەگوندەکانی کوردستان چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی گرنگ هەبوون وەک پەموو توتنو چەوەنەر، بەڵام لەئێستادا بەهۆی نەبوونی کارگەوە ئەم مادانە بەرهەم نایەن، پێشتر کارگەکانی رستنو چنینو جگەرەو شەکر هەبوون، هەر ئێستا کارگەی زەیتی گوڵەبەڕۆژە هەیە، بەڵام گوڵەبەرۆژەی دەرەوە بەکاردەهێنن، ئەگەر لای خۆمان جوتیاران گوڵەبەڕۆژەو گەنمەشامی بچێننو خاوەن کارگەکان هاوکاری جوتیاران بکەن دەتوانین بگەینە ئاستی خۆبژێویی، ئێمە گرنگە کارگەمان لەبوارەکانی رستنو چنینو خۆشکردنی پێستەو کارگەی جگەرەو چەندین پیشەسازی خۆراکیمان هەبێت، هەروەها لەئێستادا چەند کارگەیەکی زەیتی زەیتونمان هەیە، بەڵام گرنگی زۆریان پێ نەدراوەو نەگیشتوینەتە ئاستی خۆبژێویی".

> **خاکو کەشوهەوای کوردستان زۆر لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردنو پیشەسازی خۆراک، ئەگەر بەپلان وەبەرهێنانی تیا بکرێت، نەک هەر دەتوانێت بگاتە ئاستی خۆبژێویی، بەڵکو دەتوانێت زۆر زیاتر لەپێویستییەکانی خۆی بەرهەم بهێنێت**

راوێژکاری کشتوکاڵی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی جەغت لەوە دەکات لەئێستادا لەشاری سلێمانی رۆژانە بەسەدان سەر ئاژەڵ سەردەبڕدرێتو پێستەکەی یان فڕێ دەدرێت یان بەنرخێکی زۆر کەمو هەرزان هەناردەی وڵاتانی دەرودراوسێ دەکرێتو هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە، ئەو وتی "گەورەترین کێشە ئەوەیە پارێزگاری لەبەرهەمی ناوخۆ ناکرێت لەهەرێمی کوردستان، بۆ نمونە زەیتی زەیتونمان لەئوستورالیاوە بۆ دێت، کە بەرهەمی ناوخۆی خۆمان زۆر باشترو کوالێتی بەرزترە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بەرهەمی ناوخۆ نەپارێزێت ناتوانین وەبەرهێنان بکەین لەهیچ بوارێکدا، لەئێستادا چەندین هەوڵ هەیە بۆ وەبەرهێنان کردن لەپرۆژەی گاوداریدا بۆ گۆشتو شیرەمەنی کە کارگەی شیرەمەنی لەگەڵ دادەنرێتو چەند پرۆژەیەکیش لەم بوارەدا ئەنجامدراوەو کار دەکەن، کاتی خۆی چەند کارگەیەک هەبوون بۆ بەرهەمهێنانی کونجی بۆ دروستکردنی زەیتو شیرینی، بەڵام لەئێستادا چونکە کارگە نییە جوتیاران ئەم بەرهەمانە ناچێنن، بەدڵنیایی ئەگەر کارگەو پیشەسازی خۆراکمان هەبێ جوتیاران دەتوانن بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکەن".

وتیشی "گرفتێکی دیکەمان ئەوەیە لەوڵاتە دراوشێکانمان هێزی کارو گازو کارەبا زۆر هەرزانەو حکومەتیش ئاسانکاریی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵو پیشەسازی خۆراک دەکاتو قەرزی درێژخایەن دەدات بەجوتیاران، بەڵام لەهەرێمی کوردستان ئەم ئاسانکارییانە بەردەست نین، ئەوەی لێرە وەبەرهێنان دەکات بەتەواوی پشت بەداهاتی خۆی دەبەستێت، کاتی خۆی قەرزی بچوک هەبوو بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١٤ەوە ڕاگیراوە، قەرزی پیشەسازی دەدرا ئەویش چەندین ساڵە نەماوە، ئەگەر ئەمانە هەبێت هاوڵاتیان دەتوان کاربکەنو بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکەن، پێویستمان بەوەیە قەرز بدرێتە خاوەن پرۆژەکان تا ئەو کاتەی کە دەگەنە قۆناغی بەرهەمهێنانو فرۆشتنی بەرهەم، دواتر قەرزەکەیان لێوەربگیرێتەوەو کە تەواو کەوتە سەرپێی خۆی ئینجا باجی لێوەردەگرێت، ئێمە بەهۆی پاڵشتی نەکردنی حکومەت لەبەرهەمی ناوخۆو نەبوونی یاسای پاراستنی بەرهەمی نیشتیمانیو گرنگینەدان بەکەرتی کشتوکاڵ نەمانتوانیوە سەرکەوتوو بین، ئێمە لەبواری پەلەوەردا دوو قاتی پێداویستی بازاڕەکان بەرهەمان هەیە، بەڵام لە دەروازە سنورییەکانەوە بەلێشاو مریشکی بەستوو هاوردە دەکرێت".

راوێژکاری کشتوکاڵی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی جەغت لەوە دەکات کە کوردستان چەندین دەشتی بەپیتو هەزاران دۆنم زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ لەخۆدەگرێت کە پێویستیان بەوەبەرهێنانەو دەتوانن چەد هێندەی ژمارەی دانیشتوانەکەی خۆراک دابین بکەن، ئەو وتی "خاکو کەشوهەوای کوردستان زۆر لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردنو دروستکردنی پیشەسازی خۆراکی لەبوارەکانی پەمو، توتن، پێستە، چەوەنەر، کونجی، زەیت، شیرمەنی، خوری، گۆشت، پەلەوەڕ، هەروەها توتنی کوردستان باشترین جۆر بووە لەکاتی خۆیدا، وەبەرهێنانی گەورەش کراوە لەم بوارەدا".



بەرهەمهێنانی پەتاتە لەپێنجوێن

# ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشکەوتووترین ڕێبەری بازرگانی ئەلکترۆنی دروستدەکات

ئا: زریان محەمەد

**ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشکەوتووترین ڕێبەری بازرگانی ئەلکترۆنی دروستدەکات بەسێ زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی، کە بازرگانان دەتوانن بەشێوەیەکی پێشکەوتو سوود لەو ڕێبەرە بازرگانییە وەربگرنو ئاگاداری تەواوی زانیاریەکان بن دەربارەی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی.**

میر کاوە، ڕاوێژکاری ئایتی لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەربارەی ڕێبەری بازرگانی ئەلکترۆنی بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی وەک هەمیشە پێشەنگە لەپێشکەشکردنی باشترینو نوێترین خزمەتگوزارییەکان بەبازرگانانو هاوڵاتیان، لەنوێترین کارو چالاکیەکانیدا ژوورەکەمان هەستاوە بەدروستکردنی ڕێبەرێکی بازرگانی ئەلکترۆنی هاوچەرخ بەشێوەی مۆبایل ئەپلیکەیشن بەسێ زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی بۆ هەردوو سیستمی ئەندرۆیدو ئای ئۆ ئیس، بازرگانان دەتوانن سوود لەم ئەپلیکەیشنە وەربگرن بۆ ناساندنی پرۆژەو خزمەتگوزارییو کارگەکانیان بەهاوڵاتیانو لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی ئەم ئەپلیکەیشنەوە ئاگاداری نوێترین گۆڕانکارییە ئابوریو بازرگانیەکانی ناوچەکەو جیهان بن، هەروەها لەلایەکی ترەوە هاوڵاتیانیش دەتوانن سوودی لێوەرگرن بۆ دۆزینەوەو وەرگرتنی زانیاری لەسەر کارو چالاکییە بازرگانییە جۆراوجۆرەکانو پیشانگاکانو کۆمپانیاو کارگەو دامەزراوەکان لەپارێزگای سلێمانیو ناوچەکەدا لەگەڵ چەندین زانیاریو تایبەتمەندی دیکە بەشێوەیەکی ناوازە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێبەرێکی بازرگانی لەو شێوەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبکرێت".



ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی

„

**بازرگانان دەتوانن سوود لەم ئەپلیکەیشنە وەربگرن بۆ ناساندنی پرۆژەو خزمەتگوزارییو کارگەکانیان بەهاوڵاتیانو ئاگاداری نوێترین گۆڕانکارییە ئابوریو بازرگانیەکانی ناوچەکەو جیهان بن**

دەربارەی گرنگی ئەو ڕێبەری بازرگانییە بۆ بازرگانانو خاوەنکاران، میر وتی "بازرگانانو خاوەنکارەکان لەڕێگەی ئەم ئەپلیکەیشنەوە دەتوانن پرۆفایلو بزنس کاردی دیجیتالی تایبەت بەخۆیانو بزنسەکەیان دروستبکەن لەڕێگەی (QR Code) و زانیاریەکانیان ڕاستەوخۆ نوێ بکەنەوە بەشێوەی ئۆنلاین، ئاگاداری نوێترین خزمەتگوزارییەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بنو ڕاستەوخۆ بەشێوەی ئۆنلاین ئاگادارکردنەویان بۆ دەنێرێت سەبارەت بەو گۆڕانکارینەی کە پەیوەندی بەسێکتەری بزنسو کارو چالاکیەکەیانەوە هەیە، گۆڕانکاری نرخەکانی دراو، هەروەها دەتوانن ئەو ئامارو ڕاپۆرتانەی لایەنەکان بڵاویدەکاتەوە، هەروەها دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانیان بەشێوەی ئۆنلاین لەڕێگەی ڤیرچوەڵ ئەسیستانتەوە بدرێتەوە".

لەبارەی پاراستنی زانیارییەوە تاچەند جێگەی دڵنیاییە ڕبەرە بازرگانیەکە، ئاماژەی بەوەدا "گشت زانیاریەکانی ناو ئەپلیکەیشنەکە بە بەکارهێنانی ستاندەردی جیهانی **SSL/TLS** پارێزراوە لەکاتی بەکارهێناندو گشت داتاکان لەڕێگای (ئینکریپشنەوە) پارێزراوە".

جەخت لەوەش دەکاتەوە، لەدوای داگرتنی ئەپلیکەیشنەکە، بەشێوازێکی زۆر ئاسان ئەتوانرێت لەڕێگەی ژمارەی مۆبایل ئەکاونت دروستبکرێتو ڕێبەرەکە بەکاربهێنرێت، ئەو کەسانەی کە وەک بازرگان بەشدارن لەڕێبەرەکە ئەتوانن لەڕێگەی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیەوە ئەکاونتەکانیان (ڤێریفای) بکەن بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەتەواوی خزمەتگوزاریەکانی ناو ئەپلیکەیشنەکە.

ئەم ڕێبەری بازرگانییە لە ئێستادا بەشێکی کارەکانی بەکۆتایی گەیشتووەو لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوەو بازرگانانو خاوەنکارانو وەبەرهێنەرانو پشەسازانو هاوڵاتیان دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

# ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی پێشنیازێک لەبارەی گۆڕینەوەی دراو لەفڕۆکەخانەکان دەخاتەڕوو

**سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشنیاز دەکات ئەو گەشتیارانەی کە بەنیازی گەشتکردنن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی گۆڕینەوەی دیناریان بەدۆلار بەخێراتر بۆ ئەنجام بدرێت، دینارەکانیان لەجۆری ٥٠ هەزارییو ٢٥ هەزار دیناری پێبێت، تاکو کارەنیان بەکەمترین کات بۆ رایی بکرێت.**

دوای ئەوەی سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەوڵاتی ئەڵمانیا کۆبونەوەیەکی لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەنجامدا، بانکی ناوەندیی عێراق ڕەزامەندیی پیشاندا بەفرۆشتنی دۆلار لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بەنرخی کەمتر لەبازاڕو هەر ١٠٠ دۆلارێک بە ١٣٢ هەزار دینار دەدرێت بەگەشتیاران.

لەئێستادا دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی بەگەڕخستنی سیستمەکانی نوسینگەی بانکی بازرگانی (RT Bank) بەپێی ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی بۆ گەشتیارانی تەمەن سەرووی ١٨ساڵ، بەنرخی فەرمیی گۆڕینەوەی (دیناری عێراقی بۆ دۆلار) دەستپێدەکات بەپێی ڕێنماییەکان بۆ هەر گەشتیارێک ڕێگاپێدراوە تەنها یەکجار لەمانگێکدا سوود لەم بڕیارە وەربگرێت بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. پێویستە گەشتیار هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی بێت.

٢. پێویستە گەشتیار (تکتو بەڵگەنامەکان)ی تایبەت بەگەشتکردنی پێبێتو دوایی تەواوکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بەگەشتکردن (چێکین)و وەرگرتنی بۆردینگ کارتو (لێدانی مۆری ڕۆیشتوو لەپاسپۆرت)ەکەی لەدوا وێستگەی فڕۆکەخانە لەهۆڵی ترانزێتی تێرمیناڵ پارە گۆڕینەوەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت.

٣. دیاریکردنی بڕی گۆڕینەوەکان بەگەڕانەوە بۆ ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی دەبێت، کە لەلایەن نوسینگەی بانکەکانی ڕێگەپێدراو لەناو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی جێبەجێدەکرێت.

٤. بەپێی ڕێنماییە گومرگییەکان گەشتیارانی تەمەن سەرووی ١٨ ساڵ ڕێگەپێدراون تا بڕی ١٠ هەزار دۆلاری ئەمریکیو ٢٠٠ دوو سەد هەزار دیناری عێراقی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گەشتیار ڕەچاوی ئەم ڕێنماییە بکەن و دوای پارە گۆڕینەوەی (دینار بۆ دۆلار) لەناو فڕۆکەخانەدا، بەهیچ شێوەیەک نابێت لەبڕەکانی ڕێگاپێدراوی ڕێنماییەکان زیاتری پێبێت، بەپێچەوانەوە ڕێگای پێنادرێت لەو بڕانەی کە ڕێگاپێدراوە زیاتر بباتەوە دەرەوە.

٥. ئەو گەشتیارانەی دەیانەوێت ئاڵوگۆڕی دراو بکەن پێویستە ٤ کاتژمێر پێش ئەنجامدانی گەشتەکەیان لەتێرمیناڵی فڕۆکەخانە ئامادەبن.

# "کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو دەبێت لەچوارچێوەی ڕێکارەکانی بانکی ناوەندیی عێراقدا یەکبگرن"

ئا: ڕێژەن سەردار

**ئەنجومەنی بازاڕی دراوی سلێمانی کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو ئاگادار دەکاتەوە لەچوارچێوەی ڕێکارەکانی بانکی ناوەندیی عێراق لەجۆرەکانی (A-B) یەکبگرن، وتەبێژی بازاڕەکەش دەڵێت "ئەو کۆمپانیاو نوسینگەی دراوانەی لەجۆری (C)ن یەکنەگرنو داواکاری پێشکەش نەکەن بۆ ئەوەی ببن بە لەجۆرەکانی (A-B)، هیچ بەهایەکیان نامنێنێتو وەک ئەوە وایە ئەو کۆمپانیاو نوسینگانە هیچ شتێکیان نەبێ بەناوی کۆمپانیای ئاڵوگۆڕی دراوەوە".**

جەبار گۆران، وتەبێژی بازاڕی دراوی سلێمانی لەبارەی ڕێوشوێنەکانی یەکگرتنی کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند بەپێی ڕێوشوێنەکانی بانکی ناوەندیی عێراق، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان سوودمەند بن لەوەرگرتنی دۆلار، دەبێت ژمارەیەک کۆمپانیا یەکبگرن، چونکە ژمارەیان زۆرە، ئەو وتی "لەمانگی حوزەیرانو تەموزی ساڵی ٢٠٢١، بەشێکی زۆر لەکۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو، داوامان کرد کە بەهەمانشێوەی کۆمپانیاکانی عێراق لەبانکی ناوەندی عێراق پشکمان هەبێو بێبەش نەکرێین لەوەی دۆلارمان ڕۆژانە بەنرخی فەرمی پێبدرێت، ئەو کاتە بانکی ناوەندی وتی ئەم کۆمپانیانەی هەرێمی کوردستان ژمارەیان زۆرەو سەرمایەشیان کەمە، زیاتر لەدوو هەزار نوسینگەو کۆمپانیا لەهەرێمی کوردستان هەیە، ناتوانین ئێمە کۆنترۆڵیان بکەین، ئەبێ ئێوە سەرمایەکانتان زیاد بکەن، بۆ نمونە لەکۆمپانیاکانی جۆری (C) یەوە سەرمایەکانتان بگۆڕن بەجۆری (A-B)، جۆری (B) سەرمایەکانتان بکەن بە ٢٥٠ ملیۆن دینار، جۆری (A) دەبێت سەرمایەکەیان ٥ ملیار دینار بێت ئەمەش قورسە، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە ٥ کۆمپانیا یان ١٠ کۆمپانیا یەکبگرن، بۆ ئەوەی سەرمایەکە بگاتە جۆری (B)".

جەبار گۆران وتیشی "بەپێی ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی عێراق، کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆری دراو کراون بەسێ جۆری (A -B -C)، جۆری (C) سەرمایەیان کەمە بەهیچ جۆرێک دۆلاریان پێ نادرێت، بەڵام جۆرەکانی تر بشکیان پێ دەدرێت و دەتوانن دۆلار بە نرخی فەرمی لەبانکی ناوەندی عێراق بکڕن".

وتەبێژی بازاڕی دراوی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات ساڵێکو هەشت مانگە ئەم ڕێکارانە بەردەوامەو بەشێک لە کۆمپانیاکان، ڕێوشوێنەکانیان گرتۆتەبەرو ڕێکارەکایان تەواو کردووە، بەشێک لەکۆمپانیاکانی جۆری (C) تا ئێستاش هیچ ڕێکارێکیان نەگرتۆتەبەرو هەنگاویان نەناوە بۆ یەکگرتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی تردا، لەبەرئەوە هەموو کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو ئاگادار کراونەتەوە تاوەکو ڕۆژی ١ی ئاداری ٢٠٢٣ داواکاری بۆ یەکگرتن پێشکەش بکەن لەچوارچێوەی جۆرەکانی (A-B) یەکبگرنو دەبێت هەر پێنج کۆمپانیا یان ١٠ کۆمپانیای ئاڵوگۆڕی دراو ببن بەیەک کۆمپانیا، جەبار گۆران وتی "کۆمپانیاکانی جۆری (C) چەندین جار مۆڵەتیان بۆ نوێ کرایەوە، ساڵی ڕابردوو تاکو مانگی نۆیان بۆ نوێ کردنەوە، دواتر تاکو مانگی ١٢ نوێ کرایەوە، ئێستا تاکو بەرواری ٢٠٢٣/٣/١ کاتیان هەیە کە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ یەکگرتن".

وتیشی "داواکارییەکە بریتیە لەوەی خێرا بچێت عەریزەیەک بدات بەبانکی ناوەندی هەرێم کە ئێمە پێنج کۆمپانیاین یەکدەگرین، ڕێکارەکانیش سێ بۆ چوار مانگی پێدەچێت، ئەوەی کە تاکو ئەم مۆڵەتەی دانراوە داواکاری پێشکەش بکات پشکی دەبێت لەوەرگرتنی دۆلار بەنرخی فەرمی لەبانکی ناوەندی عێراق، ئەوەشی داواکاری پێشکەش نەکات ئیتر ئەو کاتە کۆمپانیاکەی کە لەجۆری (C)یە هیچ بەهایەکی نابێت، وەک ئەوە وایە ئەو کۆمپانیاو نوسینگەیە هیچ شتێکی نەبێ بەناوی کۆمپانیای ئاڵوگۆڕی دراوەوە".

وتەبێژی بازاڕی دراوی سلێمانی جەغتی لەوە کردەوە کە دەبێت کۆمپانیای جۆری (A) سەرمایەکەی پێنج ملیار دینار بێت واتە ١٠ کۆمپانیا کە سەرمایەی هەر یەکەیان ٥٠٩ ملیۆن دینارە یەک دەگرن سەرمایەکەیان دەبێت بە ٥ ملیار دینار، جۆری (B) دوو ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دیناری پێویستە، واتە ٥ کۆمپانیا کە سەرمایەکەیان ٥٠٠ ملیۆن دینارە یەک دەگرن سەرمایەکەیان دەبێتە دوو ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینار، ئەو وتی "تاکۆ ئێستا ٢٦٣ کۆمپانیا داواکاریان پێشکەش کردوە، بەشێکیان ڕێکارەکانیان تەواو کردووە، بەشێکیشیان ماوە، لەشاری سلێمانی ٣٥٠ کۆمپانیا لەجۆری (C) هەن، تاکۆ ئێستا ٢٦٣ کۆمپانیایان داواکاری پێشکەش کردوە، کۆمپانیای وا هەیە ساڵێک لەمەوبەر داواکاری پێشکەش کردوەو کارەکانی خەریکە تەواو دەبێت، هەندێکیش هەیە ڕێکارەکانی تەواو کردوەو کێشەی نیە، هەندیکیش هەیە کاتی ماوە. لەدوای بەرواری ٢٠٢٣/٣/١، ئەو کۆمپانیانەی کە لەجۆری (C)نو کاتی خۆی مۆڵەتیان لەبانکی هەرێم وەرگرتوە، ئەگەر کۆمپانیاکانیان یەکنەگرێتو نەچنە قۆناغی (A -B) دوای ئەوەی داواکاری ڕاگیرا ئەو کۆمپانیانە هیچ بەهایەکیان نامێنێت".

وتیشی "لەسنوری پارێزگاری سلێمانی ئەگەر ئەم ٣٥٠ کۆمپانیایە ڕێکارەکان تەواو بکەنو یەکبگرن، هەفتانە پشکیان دەبێت لەوەرگرتنی دۆلار بەنرخی فەرمی بانکی ناوەندی عێراق، من خۆم حسابم کردوە هەموو کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو هەفتانە ٧٠ دەفتەر دۆلار وەردەگرن، لەهەفتەیەکدا ٤٩ ملیۆن دۆلار دەکات، ئەمە کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی بەهای دینار دەبێتو دەروازەکانی دەستخستنی دۆلار بەنرخی فەرمی زیاد دەبێت".

جەبار گۆران ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئامانج لەم ڕێکارانە ئەوەیە نرخی فەرمی دۆلار لەگەڵ نرخی نافەرمی نزیک بێت، جگە لەبانکەکان کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراویش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەبانکی ناوەندی عێراقەوە هەبێت، دۆلار لەبانکی ناوەندی وەربگرن، ئەو وتی "بانکی ناوەندی مەرجێکی هەیە بۆ کۆمپانیاکان، بۆ نمونە کاتێک کۆمپانیایەک دۆلار لەبانکی ناوەندی عێراق بە ١٣١ هەزار دەکڕێت، دەبێت بەهاوڵاتیانی بفرۆشێت بە ١٣٢ هەزار دینار، بانکی ناوەندی بەوردی چاودێری بازاڕەکان دەکاتو کارەکانی نوسینگەو کۆمپانیاکان لەژێر چاودێری وردی بانکی ناوەندی دەبێت، ئەگەر کۆمپانیاکان ٧٠٠ هەزار دۆلاریان پێبدرێت، دەبێت بانکی ناوەندی بزانێت ئەم پارەیە بەکێ فرۆشراوە، ئەبێ بەپسوڵەی فەرمی بفرۆشرێت".

وتیشی "جاران پرۆسەکە بەشێوازێکی کلاسیکی بوو، کۆمپانیایەک یان بانکێک یان بازرگانێک دەچوو دۆلاری لەبانکی ناوەندی وەردەگرت، دیناری دەبردو دۆلارەکەی وەردەگرت، دواتر بانکی ناوەندی نەیئەزانی ئەم دۆلارە بۆ کوێ ئەڕوات، یان بۆ چ ئامانجو مەبەستێکە، بەڵام ئێستا کاتێک کۆمپانیاکان دۆلار وەردەگرن دەچنە سیستەمێکەوە کە بۆ نمونە ئەپڵیکەیشنێکە لەلاپتۆپێکداو بانکی ناوەندی چاودێری دەکات، ٧٠٠ هەزار دۆلار دەچنە سیستەمی کۆمپانیایەکەوە کاتێک ئەیفرۆشێت وەسڵێک دەدات بەکڕیار، ئەو وەسڵە دەخرێتە سیستەمەوە. بۆ نمونە کۆمپانیایەک بەنرخی فەرمی بانکی ناوەندی عێراق ٧٠٠ هەزار دۆلار وەردەگرێت، کاتێک ١٠ هەزار دۆڵار بەکەسێک دەفرۆشێت، وەسڵێک دەداتە ئەو کەسەو ئەو وەسڵە دەخریتە سیستەمەوە کە بانکی ناوەندی عێراق چاودێری دەکات، ئەبێ بانکی ناوەندی عێراق بزانێت بۆ چ مەبەستێک ئەم دۆلارە فرۆشراوە، بۆ بازرگانییە یان بۆ کڕینی خانوو یان بۆ ئۆتۆمبێل، ئەمە هەرچەندە ناتوانێت سەد لەسەد کۆنترۆڵی سپی کردنەوەی پارە بکات، بەڵام زۆر باشترە لە جاران، لەلایەکی تریش نرخی بازاڕو نرخی بانکی ناوەندی عێراق نزیک دەکاتەوە".


بازاڕی دراوی سلێمانی

> کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆری دراو کراون بەسێ جۆری (A - B - C)، جۆری (C) سەرمایەیان کەمە بەهیچ جۆرێک دۆلاریان پێنادرێت، بەڵام جۆرەکانی تر دەتوانن دۆلار بە نرخی فەرمی لەبانکی ناوەندی عێراق بکڕن

## بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی:

# چارەسەری کێشەی دۆلار پابەندبوونی بازرگانانو نوسینگەکانی دراوە بەسیستەمی سوێفتەوە

ئا: ڕێژەن سەردار

**بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کێشەی سەرەکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەدراو ئەوەیە لەکوردستان سیستەمی بانکیمان نییە، ئەو دەڵێت "چارەسەری کێشەی دۆلار تەنها ئەوەیە بازرگانانو نوسینگەکانی دراو پابەند بن بەسیستەمی سوێفتەوەو واز لەکاغەز بهێننو بەئەلکترۆنی پارە حەواڵە بکەن".**

سۆران غەفور، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر حەواڵە رابگیرێتو بازرگانان نەتوانن دەرچەیەک بدۆزنەوە بۆ ناردنی پارە بەدڵنیایەوە کێشە بۆ کەرتی بازرگانی دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی کاڵاکانی ناو بازاڕ لەدەرەوە هاوردە دەکرێت، ئەو دەڵێت "ئێمە چەندین ساڵە دۆلار دێتو دەڕوات کێشەمان نەبووە، بەڵام دوای بەرزبونەوەی ئەمدواییەی نرخی دۆلار، کۆمەڵێک دەنگۆ دروست بووە، کاتێک بانکی ناوەندی دۆلاری بە ١٤٨ هەزار دەفرۆشت هیچ کێشەمان نەبوو بازرگانانو گەشتیارانو نەخۆشان دۆلاریان دەکڕی، ئێستاش کە بانکی ناوەندی دۆلار دەفرۆشێت بە ١٣٢ هەزار دینار بەبڕوای من بازاڕ زیاتر دەبوژێتەوە".

وتیشی "بازرگانێک بیەوێت کاڵاو شمەک هاوردە بکات ئەو پارەیەی بۆ خەرج دەکرێت بە ١٣٢ هەزار دینارو لەئێستادا ژوورە بازرگانییەکان کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن تەنها ڕێوشوێنەکان ماوە".

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەکۆتایی ساڵی رابردووەوە، ئەمەریکا ناردنی دراوی بۆ بەغدا سنووردار کردووە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە لەعێراقو گواستنەوەی دۆلار بۆ وڵاتانی وەک ئێرانو سوریا، کە گەمارۆی ئابورییان خراوەتە سەر.

لەدوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن لەساڵی ٢٠٠٣، داهاتی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لەحیسابێکی تایبەتدا لەبانکی ناوەندی ئەمریکادا دادەنرێتو واشنتۆنیش مانگانە بەشێک لەو پارەیە بەدۆلار بۆ بەغدا دابین دەکات.

ئەم گواستنەوەی پارەیە کە پێشتر لەمانگەکەدا بڕەکەی زیاتر بو، لەسەرەتای ئەمساڵەوە بڕەکەی کەمی کردو ئەمەش بوە هۆی لاوازبوونی دینار لەبەرامبەر دۆلارداو ماوەی زیاتر لەدوو مانگە نرخی دینارەوە لەبەرامبەر دۆلاردا ناسەقامگیرەو بەردەوام بەرزو نزم دەکات.

میدیاکانی رۆژئاوا جەغت لەوە دەکەن کە عێراق یەکێکە لەبازارە گرنگەکانی هەناردەکردنی خزمەتگوزارییو کەلوپەلی نانەوتی کۆماری ئیسلامیو سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەستگەیشتن بەدۆلارو بۆ دەربازبون لەسزاکان.

بە گوتەی ئەمینداری ژوری بازرگانی هاوبەشی ئێرانو عێراق "جیهانبەخشی سنجابی"، سەپاندنی سزا بەسەر ١٥ بانکی ئەهلی عێراقی لەگۆڕینی حەواڵەی دینار بۆ دۆلار، نرخی دۆلاری لەعێراقدا بەرز کردوەتەوە، هەروەها ئەم بابەتە یەکێکە لەهۆکارەکانی دابەزینی نرخی تمەن.

ماوەیەکە عێراق لە ڕێگەی ژمارەیەک ڕێوشوێنەوە دەیەوێت ئەو بڕە دۆلارەی کە رۆژانە بانکی ناوەندیی عێراق دەیفرۆشێت، ڕێگە لە چوونە دەرەوەی بگرێت. بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن بانکی فیدراڵیی ئەمریکاوە هۆشداری بەعێراق دراوەو مەرجەکانی پێدانی دۆلار بەم وڵاتە توندتر بوونو مەرجەکانی فرۆشتنیشی لێ قورس کردووە، چونکە ئەمریکا پاساوی هەیە بۆ ئەو کارەیو پێیوایە دۆلارەکەی دەگاتە دەستی نەیارەکانی لەکۆماری ئیسلامی ئێرانو رژێمی سوریا.

سۆران غەفور، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی هۆکاری ئەوەی نرخی دۆلار لەسلێمانی زیاترە لەبەغدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی دۆلار دەستاو دەست دەکات، بازرگانێک کە دۆلار حەواڵە دەکات لەبەغداد کرێ عمولەی هەرزانتر لەسەر دەکەوێت، ئەو وتی "کێشەی سەرەکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، لێرە بانکمان نیە ئەگەر سیستەمی بانکی هەبێت ئەم کێشانەمان تووش نابێت، کەسێک کە گەشت دەکات بۆ ئەوروپا ئەگەر سیستەمی بانکی هەبێت کارەکانی بۆ ئاسانتر دەکرێت".

وتیشی "ئێمە وەک بەڕێوبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی لەگەڕەکەکاندا نوسینگەمان گرتووە کە بەراورد بەبازاڕی دۆلارەکە ٢٥٠ بۆ ٥٠٠ دینار گرانتر دۆلاریان فرۆشتووە".

سۆران غەفور چەغتی لەوەش کردەوە کە چارەسەری کێشەی دۆلار تەنها ئەوەیە بازرگانانو نوسینگەکانی دراو پابەند بن بەسیستەمی سویفتەوەو واز لەکاغەز بهێننو بەئەلکترۆنی پارە حەواڵە بکەن، چونکە ئەمریکا داوایی سیستەم دەکات، ئەو وتی "بەڕای من نرخی دۆلار دادەبەزێتو دینار بەهێز دەبێت بەهۆی ڕێکارەکانی بانکی ناوەندییەوە، ئێمە داوا لەهاوڵاتیان دەکەین پارە نەگۆڕنەوە دینارەکانیان نەکەن بەدۆلار، هاوڵاتی ئاسایی بچێتە ئەو مامەڵانەوە زیان دەکات، بەڵام بازرگانان شارەزاترنو کەمتر زیان دەکەن".



بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی

> **نرخی دۆلار دادەبەزێتو دینار بەهێز دەبێت بەهۆی ڕێکارەکانی بانکی ناوەندییەوە، ئێمە داوا لەهاوڵاتیان دەکەین پارە نەگۆڕنەوە دینارەکانیان نەکەن بەدۆلار، هاوڵاتی ئاسایی بچێتە ئەو مامەڵانەوە زیان دەکات، بەڵام بازرگانان شارەزاترنو کەمتر زیان دەکەن**

# بازاڕ پڕ بووە لەتابلۆکانی داشکاندن

ئا: ڕێژەن سەردار

**قەیرانی دارایی نرخی شمەکو کاڵاکانی بردوەتەوە سەر پلێتی ئەسڵی خۆیو بازاڕ پڕ بوە لەتابلۆکانی داشکاندن، بەوتەی دوکاندارەکانیش "ئەو عەیامە بەسەرچو خەڵک بەگیرفانپڕی کەلوپەل بکڕێتو گوێنەدانە نرخی گران، بۆیە ئێستا ناچارن داشکاندن بکەن تا کەلوپەلەکانیان بفرۆشن".**

هەرزانبازارەکان یەکێکن لەدیاردە سەرنجڕاکێشەکانی ئێستای شارەکانی هەرێمی کوردستان کە بەردەوام دەیانەوێ لەڕێگەی هەرزانی نرخەکانیانەوە کڕیار بەرەو لای خۆیان راکێشن، بەوتەی هاوکار ئەحمەد کە یەکێکە لەخاوەن هەرزانبازارەکانی لەگەڕەکی "کانی با"ی سلێمانی "دابەزاندنی نرخی شمەکو کاڵکانیان پەیوەندی بەم دۆخە ئابورییەوە هەیە کە هاوڵاتیان بەگشتیو بەتایبەتیش فەرمانبەران ناتوانن وەک ساڵانی بەر لەسەرهەڵدانی قەیرانی دارایی کاڵاو شمەکی پێویست بکڕن".

چەند ساڵێکە قەیرانی دارایی جوڵەی بازاڕی کوردستانی خاو کردوەتەوەو گەڕی ئابوریش بەجۆرێک سستبوە کە هیچ کەس لەبازاڕ ناتوانێت هاوشێوەی پێشو کاربکات، چونکە ئێستا وەکو جاران موچەخۆرانو هاوڵاتیان ناتوانن خەرجی بکەن لەقۆناغی دابینکردنی کاڵای خۆشگوزەرانیەوە هاتونەتەوە سەر قۆناغی دابینکردنی کاڵای پێویستو سەرەتاییو ناتوانن بێگوێدانە نرخەکان شتومەک بکڕن.

هاوکار ئەوەش روون دەکاتەوە کە سەرباری ئەوەی نرخەکانیشیان داشکاندوە، بەڵام هێشتا وەکو جاران شمەک نافرۆشنو هەر کڕیاریان وەک پێویست نییە، جاری وایە زیان لەفرۆشتنی کاڵاکانیشیان دەکەن، ئەو وتی " ئێستا کە بەرەو وەرزی بەهار دەچین، بلوزو قەمسەلەمان لایە بە ٢٠ تا ٢٥ هەزار دینار کڕیومانە بۆ ئەوەی بۆ ساڵێکی تر نەمێنێتەوە دەیفرۆشین بە١٥و ٢٠ هەزار دینارو هێشتاش بەباشی نافرۆشرێت".

ئەوەی ئێستا لەبازاڕەکانی سلێمانیدا سەرنجڕادەکێشێت. زۆرێک لەشوێنە بازرگانییەکان داشکاندنیان راگەیاندووە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی سەدان هەرزانبازاڕ لەهەرێمی کوردستان کرانەوە کە کێبەرکێی نرخ لەگەڵ بازاڕەکان دەکەن.

تاپێش قەیرانی دارایی، باوباوی ئەو سۆپەرمارکێتو مۆڵە گرانانە بوو کە کاڵاو جلوبەرگەکانیان گرانو مارکەبو، بەڵام قەیرانی دارایی ئەم مۆڵانەی چۆڵکردو دەرگای بەڕووی سەدان هەرزانبازاڕو هەفتە بازاڕدا کردەوە، چونکە خەڵک دەگەڕا بۆ هەرزانترین نرخ لەهەرکوێیەک بێت، ئەوەش لەئەنجامی قەیرانی داراییو کەمبونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس.

محەمەد تاهیر کە خاوەنی هەفتەبازاڕێکە لەگەڕەکی لەخەباتو ماوەی هەشت ساڵە کراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات جیاوازی ئەوان لەگەڵ ناو بازاڕ ئەوەیە ئەو کاڵایانەی بۆیان دێت ئەوان تەنها کرێ ڕەفانەی لێوەردەگرنو کاڵاکە بەنرخێکی کەم تائاستی نرخی یەکەمی دەفرۆشن بەهاوڵاتیان، ئەو وتی "ئێستە بازاڕەکانی سلێمانی وەکو یەکی لێهاتوە بەیەک پێوەر کاڵاو شمەکو جلوبەرگ دەفرۆشرێت، چونکە سەرەتا جۆرێکی تر بوو، بەڵام ئێستا وایلێهاتوە".

وتیشی "سەرباری نرخ ئێستا زۆر باسی ئەوەدەکرێت بەشێک لەهەرزانبازاڕەکان تەنها بۆ راکێشانی سەرنجی کڕیاران کاردەکەنو چەندین فێڵی بازرگانی بەکاردەهێنن کە زیان بەکڕیاران دەگەیەنێت. تەنانەت ئێستا کار گەیشتووە بەوەی بەشێک لەو هەفتەبازاڕو هەرزانبازاڕانە ئەگەر کاڵایەک دابشکێنن بۆ ئەوەی سەرنجی کڕیار رابکێشێت، لەسەر کاڵاکانی تر قەرەبوی دەکەنەوە، تەنانەت هەفتەبازاڕ هەیە لەکاتی نزیکبونەوەی ماوەی بەسەرچون کاڵاکەی بەهەرزان دەفرۆشێت".

> **ئەوەی ئێستا لەبازاڕەکانی سلێمانیدا سەرنجڕادەکێشێت زۆرێک لەشوێنە بازرگانییەکان داشکاندنیان راگەیاندووە دەیان هەرزانبازاڕ کێبەرکێی نرخ لەگەڵ بازاڕەکان دەکەن**



داشکاندن بووە بەدیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی ئێستای بازاڕەکانی کوردستان

# مامەڵەی زەویو خانوو کەمی کردووە

ئا: زریان محەمەد

**مامەڵەکردن بەفرۆشتنی زەویو خانو لەسنوری پارێزگای سلێمانی خاوبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، خاوەن نوسینگەکان هۆکارەکەی بۆ بەرزبونەوەی نرخی دۆلارو ناسەقامگیری ڕەوشی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دەگێڕنەوە.**

دیاری کەریم، خاوەنی نوسینگەی خانوبەرە لەشاری سلێمانی بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "ماوەیەکە بازاڕ بەتەواوی ڕاوەستاوە مامەڵەکردن بەزەویو خانو بەتەواوی پەکی کەوتووە لەئێستادا، بەرزبونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار خاوبونەوەی لەمامەڵەکردن دروستکردووە، نەموڵک دەفرۆشرێت نەدەکڕدرێت، چونکە هاوڵاتیان ئەو پارەیەی هەیانە بەدینارە کاتێک دەیکەن بەدۆلار لەم کاتەدا زیانی زۆر دەکەن، بۆیە هیچ کەسێک مامەڵە ناکات، خانوی کرێش زۆر بووە هاوڵاتیانی شارەکانی خواروی عێراقیش کەمتر دێنە سلێمانی، لەساڵانی ڕابردودا بەشێکی زۆری داواکردنی خانوی کرێو کڕینی زەوی هاوڵاتیانی شارەکانی خواروی عێراق بون، بەڵام لەئێستادا کەمبۆتەوە".

وتیشی "بەراورد بەپار ساڵ لەم کاتەدا ئێمە وەک نوسینگەکەی خۆمان دو بۆ سێ گرێبەستمان نوسیوە، بەڵام نزیکەی سێ مانگە من یەک گرێبەستم نەنوسیوەو لەسەرەتای ئەمساڵەوە هیچ گرێبەستێکمان نەنوسیوەو بەشێک لەنوسینگەکان داخراونو هیچ ئێشێکیان نیە بەهۆی بێ بازاڕییەوە، زیادکردنی باج لەسەر خاوەن نوسینگەکان لەکاتی تازەکردنەوە ئەوەش قورساییەکی ترە لەسەر خاوەن نوسینگەکان".

پێشتر خاوەن سەرمایەکان، موڵکوماڵەکانیان (خانوو زەوی) بەسەرمایەیەکی بە بەها دادەنا، بۆیە سەرمایەکانیان بۆ خانوو زەویوزار دەگۆڕی، بەڵام ئێستا خاوەن سەرمایەکان پارەکانیان لەو بوارە دانانێن.

ئەو خاوەن نوسینگەیە ئاماژە بەوەش دەکات "لەماوەی ڕابردودا ئەو زەویانەی مامەڵەی پێوەدەکراو بازاڕی گەرموگوڕ کرد بوو، ئەوانە بون کە پێیاندەوترا فۆڕم جوڵەیەکی باشی پێوە دەکرا کە نرخەکانیان لەپانزە هەزار دۆلارەو بۆ سی هەزار دۆلار بوو، ئەمەش لەلایەن چینی فەرمانبەرانو کاسبکارانەوە دەکڕدرا، دوای ڕاگرتنی بڕیای مامەڵە نەکردن بەو زەویانەوە بەتەواوی بازاڕ وەستاوە".

شارەزایانی کەرتی خانووبەرە پێیانوایە قەیرانی سیاسی کاریگەری زۆری لەسەر کەرتی خانوبەرەو ماڵو موڵک هەیە هەرکات سەقامگیرییو پەیوەندی لایەنە سیاسیەکان پتەو بێت ئەوا هاوڵاتیان دڵنیا دەبنەوە لەخەرجکردنی پارەکانیان بۆ کڕینی خانوو زەوی. شارەزایەکی ئابوری پێیوایە بەرزبونەوەی دۆلار کاریگەری لەسەر ڕەوشی مامەڵەکردن بەخانوو زەویەوە هەیە، یوسف شەریف بۆ رۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" رایگەیاند "سەقامگیری نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر بەدۆلار وادەکات هاوڵاتیان مامەڵە بەپارەکانیانەوە بکەنو موڵکو ماڵی پێبکڕن، بەڵام لەئێستادا بەرزبونەوەی نرخی دۆلار وایکردووە مامەڵەکردن بوەستێت هاوڵاتیان دەیانەوێت دڵنیا ببنەوە لەگۆڕانکارییەکانی نرخی دینار بەرامبەر بەدۆلار، هەربۆیە بازاڕی زەویو خانوو وەستاوە".

بەپێی ئاماری ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەشی ئایتی لەساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی نوسینگەکانی خانوبەرە ٢٠٢٣ نوسینگە بووەو لەو ژمارەیە ٨ نوسینگەیان کارەکانیان بەفەرمی ڕاگرتووە.

> **پێشتر خاوەن سەرمایەکان، سەرمایەکانیان بۆ خانوو زەویوزار دەگۆڕی، بەڵام ئێستا خاوەن سەرمایەکان پارەکانیان لەو بوارە دانانێن**

# نرخی گۆشت بەردەوام لەبەرز بوونەوەدا



## سلێمانی لەئاستی عێراقدا خۆشخۆرترین شارە



**بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە "سلێمانی لەسەر ئاستی عێراقدا بەپلەی یەکەم دێت لەبەکارهێنانی گۆشتداو شارێکی خۆشخۆرە"**

د.شاڵاو عارف، بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لەسلێمانیدا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئاژەڵی بچوکەوە ئێستا سەربڕینی ئاژەڵی گەورە زیاد بووە، ئەو وتی "جاران ئەگەر سەد سەر ئاژەڵی گەورە کوشتاری بۆ بکرایە، ئێستا بۆتە ٢٥٠ سەر ئاژەڵ، ئاژەڵی بچوکیش پێشتر زیاتر لە ١٠٠ سەر سەربڕینی بۆ کرا بێت، ئێستا ڕۆژانە ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ سەر ئاژەڵ سەردەبڕێت، واتە لەئێستادا هیچ کێشەیەکی کەمبونەوەی ئاژەڵ لەشاری سلێمانی نیە، ڕاستە ڕێژەی سەربڕین کەمی کردوە، بەڵام هۆکاری ئەم کەمبونەوەیە ئەوەیە لەئێستادا ئاژەڵی گەورە زیاتر سەر دەبڕدرێت، ئەگەر ئاژەڵێکی بچوک ٥٠ کیلۆ بێت ئاژەڵێکی گەورە ٥٠٠ کیلۆ گۆشتی هەیە، بۆیە بڕەکەی هەمان بڕی جارانە، سلێمانی ڕۆژانە پێویستی بە ٦٠ بۆ ٧٠ تەن گۆشت هەیەو ڕۆژانە ئەو بڕە گۆشتە دەخەینە بازاڕەوە".

وتیشی "سلێمانی لەسەر ئاستی عێراقدا بەپلەی یەکەم دێت لەبەکارهێنانی گۆشتدا بەحکومی ئەوەی شارێکی خۆشخۆرەو گرنگی زۆر بەخواردنی خۆش دەدرێت، لەسەر ئاستی جیهانیش بەکارهێنانی گۆشت دەچێتە چوارچێوەی خۆشگوزەرانییەوە".

> **سلێمانی لەسەر ئاستی عێراقدا بەپلەی یەکەم دێت لەبەکارهێنانی گۆشتدا بەحکومی ئەوەی شارێکی خۆشخۆرەو گرنگی زۆر بەخواردنی خۆش دەدرێت، لەسەر ئاستی جیهانیش بەکارهێنانی گۆشت دەچێتە چوارچێوەی خۆشگوزەرانییەوە**

ئا: ڕێژەن سەردار

**بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا نرخی گۆشت بەردەوام لەبەرز بوونەوەدا بووە، ئەو دەڵێت "نرخی کیلۆیەک گۆشتی زیندەقەپان لە ٥ هەزارەوە بەرزبووەتەوە بۆ ٧ هەزارو ٨٠٠ دینارو لەئێستادا لەنرخی کیلۆیەک گۆشت زیاتر لە ١٦ هەزار دینار لەسەر گۆشتفرۆشەکان دەکەوێت، ٤٠٪ نرخی کیلۆیەک گۆشتی زیندە قەپان بەرزبۆتەوە".**

د.شاڵاو عارف، بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت، بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "هۆکاری سەرەکی بەرزبونەوەی نرخی گۆشت ئەوەیە کە سامانی ئاژەڵ لەهەرێمی کوردستاندا زۆر پاشەکشەی کردوەو گرنگی پێنەدراوەو وەبەرهێنان کردن تیایدا لاوازەو گرنگی پێدانی لایەنە پەیوەندارەکانیش بەسامانی ئاژەڵ زۆر کەمە".

ئەو وتی "گرنگی پێنەدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەسامانی ئاژەڵ هۆکاری یەکەمی سەرەکی بەرز بوونەوەی نرخی گۆشتە، کە بەڕاستی بایەخ نەدانیان بەسامانی ئاژەڵ جێگەی پرسیارو گومانە، لەبەرئەوەی سامانی ئاژەڵ کلیلی گەرەنتی کردنی ئاسایشی خۆراکە، بەداخەوە لەماوەی ١٠ساڵی ڕابردودا سامانی ئاژەڵ پاشەکشەی زۆری کردوەو کەسیش لێیناپرسێتەوە".

وتیشی "هۆکاری دووەمی بەرزبونەوەی نرخی گۆشت لەبازاڕەکان ئەوەیە بەرهەمی ناوخۆ خواستی بازاڕ پڕ ناکاتەوە بۆیە دەبێت لەدەرەوە هاوردەی بکەین لەدەرەوەش نرخەکەی بەرزبۆتەوە، هۆکاری سێهەمیش ئەوەیە پێکهاتە سەرەکیەکانی ئالیکی ئاژەڵ کە خاوەن پرۆژەکان پەنای بۆ دەبەن بەشێوەیەکی گشتی لەبازاڕەکانی جیهاندا بەهۆی جەنگی ڕوسیاو ئۆکرانیاوە بەتایبەتی سۆیاو پێکهاتەکانی ئالیک نرخیان بەرزبۆتەوە لەبازاڕدا، ئەم سێ هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت ڕێگە لەبەرزبونەوەی نرخی گۆشت بگیرێت".

بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی جەغت لەوە دەکات کە بەرزبونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار، کاریگەریەکی زۆر کەمی هەبووە لەسەر بەرزبونەوەی نرخی گۆشت لەبازاڕەکانی کوردستاندا، ئەو وتی "لەئێستادا سامانی ئاژەڵی ناوخۆ بەشی زیاتر لەسەدا ٤٠ پێویستی ناوخۆ ناکات، بۆیە لەسەدا ٦٠ی پێویستییەکانی گۆشت لەدەرەوە هاوردە بکرێتو لەڕێگەی فەرمیو قاچاخەوە ئاژەڵ دێتە کوردستانەوە، بەهای دۆلار کاریگەری لەسەر نرخی پێهاتەکانی ئالیک هەیە، جەنگی ڕوسیا و ئۆکرانیاش لەسەر ئاستی جیهان گرانی لە نرخی مادە خۆراکیەکان دروست کردوە، بەڵام بەرزبونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار کاریگەریی سەرەکی نەبووە لەبەرز بوونەوەی نرخی گۆشتدا".

وتیشی "لەئێستادا نرخی کیلۆیەک گۆشتی زیندە قەپان لە ٥ هەزارەوە بەرزبۆتەوە بۆ ٧ هەزارو ٨٠٠ دینار، نرخی کیلۆیەک گۆشت لەکۆتایی ئەم پرۆسەیەدا ١٦ هەزار دینار لەسەر گۆشتفرۆشەکان دەکەوێت، لەسەدا ٤٠ نرخی کیلۆیەک گۆشتی زیندە قەپان بەرزبۆتەوە لەماوەی یەک بۆ دوو مانگی ڕابردوودا".

د.شاڵاو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر

# "خوازیارین پلەبەندی بۆ گۆشت بکرێت"

**بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات خوازیارن کە پلە بەندی بۆ گۆشت بکرێت، ئەو دەڵێت "ناکرێت هاوڵاتییەک گۆشتێکی پلە سێی بەنرخی گۆشتی پلە یەک پێ بفرۆشرێت".**

د.شالاو عارف، بەڕێوەبەری کوشتارگەی نوێی سلێمانی ئەوە روندەکاتەوە کە چەند جۆرێک لەگۆشت هەن لەڕووی تامو چێژو بۆنەوە لەیەک ئاستدا نین، بەڵام تا ئێستا لەکوردستاندا پلەبەندییان بۆ نەکراوە، ئەو وتی "ئێمە لەکوشتارگەی سلێمانی لەبەرئەوەی کە خۆمان پزیشکین هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بووە گۆشتێکی تەندروستو کوالێتی بەرز بنێرینە بازاڕەکانەوە کە زیان بەتەندروستیو سەلامەتی گشتی کۆمەڵگاو هاوڵاتیان نەگەیەنێت، بەڵام هەموو گۆشتێک لەڕووی تامو بۆنەوە لەیەک پلەدا نین، ئێمەش تا ئێستا پلەبەندی بۆ گۆشت ناکەین، لەبەرئەوەی بەداخەوە تاکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە یاسایەک دەربکات تاکو پلەبەندی بۆ گۆشت بکرێت لەکوشتارگەکاندا، ئەم بابەتە پێویستی بەیاسایە، ئێمە تاکو یاسا دەرنەکرێت ناتوانین پلەبەندی بۆ گۆشت بکەین کە بابەتێکی زۆر گرنگو هەستیارە". وتیشی "بەڕاستی ناکرێت هاوڵاتیەک گۆشتێکی پلە سێی بەنرخی گۆشتی پلە یەک پێ بفرۆشرێت، پێویستە ئەو گۆشتەی دەخرێتە بازارەوە مادەی خۆراکی بەرز بێتو سوودی هەبێت بۆ هاوڵاتیان، ئێمە رۆژانە لەکاتژمێر ٥ی بەیانی تاکو کاتژمێر یەکی شەو لەکرداینو کۆمەڵێک پرۆسە بەسەر گۆشتدا دێت، بەڵام زۆر جێگەی داخە کە لەکوردستانو عێراق پلە بەندی بۆ گۆشت ناکرێت کە ئەمەش پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیانە، نرخەکان هەموو وەک یەک وایە ئەمەش غەدرە لەهاوڵاتیان دەکرێت".



یە



کوشتارگەی نوێی سلێمانی

هۆکارەکانی بەرز بوونەوەی نرخی گۆشت چارەسەر نەکرێت، نرخی گۆشت بەم نزیکانە دانابەزێت تەنها مەگەر ئەوەی لەسنورەکانەوە ئاژەڵی زیاتر هاوردە بکرێتو کاریگەری لەسەر بازاڕو نرخی گۆشت بکات، ئەو وتی "چارەسەری بنەڕەتی دابەزینی نرخی گۆشتو جێگر بوونی نرخەکەی، گرنگیدانە بەکەرتی ئاژەڵداری لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانو وەبەرهێنان کردنە لەم کەرتەدا بەشێوەیەکی زانستی".

وتیشی "ئێمە دوو جۆرە گۆشت هاوردە دەکەین: گۆشتی بەستوو، لەگەڵ گۆشتی زیندوو، گۆشتی زیندوو لەوڵاتانی وەک (ئێرانو سوریاو تورکیاو ئەرمینیاو ئۆکرانیاو ئازەربایجان، لەم سێ وڵاتەی دواییانەوە لەئێستادا زۆر کەمبۆتەوە، لەهەندێ وڵاتی ئەمەریکای باشور بەتایبەتی لەوڵاتانی ئەرژەنتینو بەرازیل کە بەکەشتی لەڕێگەی تورکیاوە دێت)، بەشێوەی نافەرمی لەئێرانو سوریاشەوە دێت، گۆشتی بەستووش لەوڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران وەک ئۆکرانیاو مۆڵدیڤیاوە لەکوشتارگەکانیانەوە بۆمان دێت، لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتین".

**"نرخی کیلۆیەک گۆشتی زیندە قەپان لە ٥ هەزارەوە بەرزبۆتەوە بۆ ٧ هەزارو ٨٠٠ دینار، نرخی کیلۆیەک گۆشت ١٦ هەزار لەسەر گۆشتفرۆشەکان دەکەوێت، ٤٠٪ نرخی گۆشت بەرزبۆتەوە لەماوەی دوو مانگی رابردوودا**

# بازاڕی ئامێرە زیرەکەکانی پەیوەندی خاوبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە

ئا: زریان محەمەد

**فرۆشیارانی ئامێرە زیرەکەکانی پەیوەندی لەشاری سلێمانی ئاماژە بەخاوبونەوە لەمامەڵەکردن دەکەنو هاوڵاتیان وەک پێویست گوێ بەکڕینی ئامێری نوێ نادەنو ئەو ئامێرانەی هەیانە چاکی دەکەنەوە یان ئامێری هەرزان دەکڕن.**

خاوەن دوکانێک لەشەقامی مەولەوی شاری سلێمانی کە چەندین ساڵە کار لەفرۆشتنی مۆبایل دەکات پێیوایە بەرزبونەوەی نرخی دۆلار لەم ساڵدا کاریگەری زۆری لەسەر ڕەوشی بازاڕو کڕیار هەبووە.

رامان عومەر، زیاتر لەپێنج ساڵە کاری فرۆشتنو کڕینی مۆبایلو پێداویستیەکانی دەکات بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وت "نرخی دۆلار ئەو بەرزبونەوەیەی بەرامبەر بەدیناری عێراقی هەیبووە ناڕوونییەکی زۆری لەبازاڕدا دروستکردووە، نرخەکانی هەموو شێواندووە، بۆتە هۆی تەکاندنی بازاڕو مامەڵە".

دەشڵێت "بازاڕ بەگشتی زۆر خراپەو ئاستی فرۆشو مامەڵەو کڕینو فرۆشتن لەنزمترین ئاستدایە، بەگشتی بازاڕی سلێمانی بەرەو سفر دەڕواتو زەرەرو زیانێکی زۆری لەبازرگانو دوکاندار داوە".

رامان ئەوەش ڕوندەکاتەوە ،بەهۆی بەرزی دۆلاریشەوە هاوڵاتی مامەڵە ناکات، مۆبایلێکی ٢٠٠ دۆلاری بەلایەنی کەمەوە لەسەر هاوڵاتی جاران ٢٩٥ هەزار دەکەوێت، هەمان مۆبایل ئێستا ٣٣٥ هەزار دەکەوێت، ئەمەش وایکردووە هاوڵاتی نەیەوێت لەئێستادا مامەڵە بکات مەگەر ناچار بێت".

لەئێستادا چاککردنەوەی مۆبایل لەلایەن هاوڵاتیانەوە زیادی کردووەو خواست لەسەر مۆبایلی هەرزان زیاتر بووە بەمەش مامەڵەی فرۆشتنی مۆبایلی زیرەک کەمبۆتەوەو زیان بەفرۆشیارانو مامەڵەکاران گەیاندووە.

بڕوا جەمال، فرۆشیارو چاککەرەوەی مۆبایل بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وت "ئەوەندەی لەگەڵ دوکاندارو هاوپیشەکانم قسەم کردووە بەڕێژەی لەسەدا ٣٠ فرۆشی مۆبایلی زیرەکو نوێ کەمی کردووە، لەبەرامبەردا چاککردنەوەی مۆبایل زیادی کردووە، جاران کە دۆلار وا بەرز نەببۆوە هاوڵاتیەک گەر مۆبایلەکەی کێشەیەکی هەبوایە مۆبایلێکی دیکەی دەکڕی، بەڵام ئێستا هاوڵاتیەکە مۆبایلە کۆنەکەی چاک دەکاتەوە بەبڕێک پارەی کەم".

ئاماژەی بەوەش دا "فرۆشتنی مۆبایلی هەرزان زیاتر بووەو مۆبایلە گرانەکان فرۆشیان دابەزیوە، چونکە هاوڵاتیان لەم کاتەدا نایانەوێت پارەی زۆر بدەن بەمۆبایل تا دڵنیا دەبنەوە لەنرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار".

هۆگر کەریم، گەنجێکە لەناو بازای مۆبایل لەشاری سلێمانی دەربارەی کڕینی مۆبایل وتی "من ڕۆژانە کاردەکەم لەیەکێک لەڕێستۆرانتەکانی شاری سلێمانی، ماوەیەکە دەمەوێت مۆبایلێکی زیرەک بکڕم کە نرخەکەی ٧٠٠ دۆلارە بەدینار ملۆنێک زیاتر بوو، بەڵام ئێستا دەکاتە زیاتر لەملیۆنێکو ٢٠٠ هەزار دینار ئەو جیاوزییەش بۆ کاری من زۆر زۆرەر بۆیە بڕیارمداوە کڕینی مۆبایلەکە دوابخەم تا بزانم ڕەوشەکە چ کاتێک باش دەبێت چیتر دیناری عێراقی ئاستی نزم نەبێتەوە".

بەشێکی زۆری بازاڕی فرۆشتنی مۆبایلی دەستی دوو لەشاری سلێمانی جموجۆڵی پێوە دیارە، بەو پێیەی نرخی هەرزانترەو خواستی لەسەر زۆرترە لەناو مەزادخانەی سەرەوەی شاری سلێمانی کاسبکاران بەردەوام مۆبایلی دەستی دوەمیان لایە، کە کاری کردووەو خاوەنەکەی فرۆشتویەتیەوە.

شاهۆ لەتیف، لەناو بازاڕی مەزادخانەکەی شاری سلێمانی بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "بەهۆی بەرزی نرخی دۆلار لەئێستادا خواست لەسەر ئەم مۆبایلانەی ئێمە زیادیکردووە بەجۆرێک ڕۆژانە چەندین هاوڵاتی سەردانمان دەکەن کە پێشتر بەو جۆرە نەبوین، چونکە نرخی مۆبایلی دەستی دوو هەرزانترە وەک لەوانەی بەتازەیی دەفرۆشرێتو نرخەکانیش هەرزانترەو هاوڵاتیان لەتواناياندایە بیکڕن لەئێستادا ئەتوانم بڵێم ڕۆژانە زیاتر لەسێ مۆبایلی دەستی دوو دەفرۆشرێت کە جاران دانەیەک دەفرۆشرا".

بەرزبونەوەی نرخی دۆلار کاریگەری لەسەر تەواوی کەرتەکانی ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووە، هاوڵاتیانیش لەچاوەڕوانی هەرزانبونی نرخی دۆلاردان.

> ❞
> **بەرزبونەوەی نرخی دۆلار کاریگەری لەسەر تەواوی کەرتەکانی ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووە، هاوڵاتیانیش لەچاوەڕوانی هەرزانبونی نرخی دۆلاردان**




فرۆشگایەکی مۆبایلو ئامێرە زیرەکەکان لەسلێمانی

# ئۆتۆمبێل لەسەرەتای ئەمساڵەوە بازاڕی نەماوە

ئا:زریان محەمەد

**مامەڵەکارانی بازاڕی ئۆتۆمبێل لەشاری سلێمانی ئاماژە بەخاوبونەوەی بازاڕ دەکەن، کڕین و فرۆشتن بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، کاریگەری بەرزبونەوەی دۆلار بەرامبەر بەدینار بەهۆکارێکی تر ناودەبەن فرۆشتن بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە.**

ئەردەڵان ئەحمەد، مامەڵەکارێکی ئۆتۆمبێل لەناو پێشانگاکانی ئۆتۆمبێلی سلێمانی دەربارەی بازاڕی ئۆتۆمبێل بۆ رۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "بەگشتی بازاڕ زۆر خراپە لەسەرەتای ئەمساڵە مامەڵە کردن وەستاوە، ئەو جوڵەیەی هەشە تەنها ئەو ئۆتۆمبێلانەیە کە نرخیان لەنێوان دە هەزار دۆلار تا پانزە هەزار دۆلارە، کە ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەش لەئێستادا بازاڕیان خاوبۆتەوە".

دەشڵێت "بەرزبونەوەی نرخی دۆلار کاریگەری زۆری لەسەر بازاڕ دروستکردووە، بەو پێیەی هاوڵاتیان کە دەیانەوێت ئۆتۆمبێل بکڕن خەڵکی کاسبکارو موچەخۆرە، هەموشیان پارەیان بەدینار پێیە ئەو دینارەی ئێستا دەیانەوێت ئۆتۆمبێلی پێبکڕن کەمتر دەکات لەوەی بۆیان داناوە، بۆیە دڵنیا نین لەبازاڕو خەڵک ترساوە لەوەی کە ناجێگیریی دۆلار دیار نییە بەرەو نزم بون دەڕوات یان زیاتر دادەبەزێت".

ئەو مامەڵەکارەی ئۆتۆمبێلە جەخت لەوەدەکاتەوە "بەگشتی نرخی ئۆتۆمبێل گران بووە ئەوەش لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە لەو وڵاتانەی ئۆتۆمبێلی لێوە هاوردە دەکرێت گران بووەو نرخیش لەناو پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەهەرێمی کوردستان بەرزبۆتەوە، بەنمونە لەئۆتۆمبێلێک کە پێشتر نرخەکەی دە هەزار دۆلار بوو بێت ئێستا بووە بە ١٢ هەزار دۆلارو هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک نرخی بەرزبۆتەوە، نرخی گومرگو رسومات زیاتر بووە لەکاتی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێلدا، بۆیە بازرگانان نرخیان لەسەر گرانتر دەبێت".

هاوکار سالار، مامەڵەکاری ئۆتۆمبێلی هاوردەکراوی ئەمریکی لەدوبەی بۆ کوردستان، بۆ رۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "بازاڕ بەتەواوی خاوبۆتەوە و مامەڵەکردن ڕاوەستاوە وە هیچ بەرچاو ڕونیەک بۆئایندە نیە نازاندرێت نرخی دۆلار بەرزتر دەبێتەوە یان دادەبەزێت لەئێستادا هاووڵاتیان خواستیان لەسەر ئۆتۆمبێل کڕین و فرۆشتنیش نیە هیچ ئاڵوگۆڕێکیش نییە".

وتیشی" ساڵی ڕابردوو بازاڕی ئۆتۆمبێل بەراورد بەم کاتە زۆرباشتربوو نرخی ئۆتۆمبێل هەرزانتربوو، کڕینی ئۆتۆمبێل لەووڵاتنی ئەورووپا و دوبەی گرانتربووە بازرگانان ترسیان لەکڕینی ئۆتۆمبێل هەیە وە قەلەقی لەبازاڕداهەیە بەهۆی جێگیر نەبونی نرخی دۆلار".

بەشێک لەهاوڵاتیان بەهۆی ناجێگیری دۆلارەوە تا ئێستا پارەکانیان دیناری عێراقیەو نایانەوێت بیکەن بەدۆلار، چونکە نرخی جێگیر نییە بەمەش ناتوانن ئۆتۆمبێل بکڕن.

سامان محەمەد، لەناو پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل کە سەرقاڵی کڕینی ئۆتۆمبێل بوو بۆ رۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وت "ماوەی چەند ڕۆژێکە هاتووچۆی پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکەم، بەڵام بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی ئۆتۆمبێلو بەرزبونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر دینار نەمتوانیوە هیچ ئۆتۆمبێلێک بکڕم، من پارەکەم بەدینارە، پێش ئەوەی دۆلار بەرزبێتەوە دینارەکەم دوانزە هەزار دۆلاری دەکرد واتا دەفتەرێکو ٢٠ وەرەقە، بەڵام ئێستا ئەو دینارە دە هەزار دۆلار دەکات، واتا دوو هەزار دۆلار کەمتر کەواتە من لەم کاتەدا ناوێرم ئۆتۆمبێل بکڕمو پارەی دیکەشم نیە زیادی بکەم".

وەستایەکی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل ئاماژە بەوە دەکات لەئێستادا هاوڵاتیان گرنگی بەچاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان دەدەنو ئەو کەموکوڕیانەی هەیانە چاکی دەکەنەوەو ئۆتۆمبێلەکانیان ناگۆڕن.

وەستا دانا، لەناوچەی پیشەسازی سلێمانی کە سەرقاڵی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلە وتی "لەسەرەتای ئەمساڵەوە هاوڵاتیان زیاتر سەردانمان دەکەنو پێشی ئۆتۆمبێلەکانیان دەکەنەوەو پارچەکانی دەگۆڕنو نۆژەنی دەکەنەوە، هەندێک لەو خاوەن ئۆتۆمبێلانە کە دێن بۆ لامان دەڵێن بەتەما بووین ئۆتۆمبێلەکانمان بگۆڕین، بەڵام ئێستا ئەگەر بیفرۆشین ئەبێت پارەی زیاتر بخەینە سەر بۆ کڕینەوەی ئۆتۆمبێل، بەڵام هیچ بەرچاوڕونیەک نییە بۆ ئایندەی بازاڕو ئاڵوگۆڕی ئۆتۆمبێل، چونکە نرخی دۆلار نادیارە".

نرخی ئۆتۆمبێل تەنها لەبازاڕەکانی کوردستان گران نەبووە، بەڵکو لە تەواوی جیهاندا گران بووە، ئەوەش بەهۆکاری گرانبونی نرخی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل.

> **من پارەکەم بەدینارە، پێش ئەوەی دۆلار بەرزبێتەوە دینارەکەم دوانزە هەزار دۆلاری دەکرد واتا دەفتەرێکو ٢٠ وەرەقە، بەڵام ئێستا ئەو دینارە دە هەزار دۆلار دەکات**

# ملیۆنێک نەمام لەپارێزگای سلێمانی دەچێنرێت

ئا: ڕێژەن سەردار

**پرۆژەی چاندنی ملیۆنێک نەمام ١٧ شوێنی جیاوازی لەسنوری پارێزگای سلێمانی گرتوەتەوە، لەسەنتەری سلێمانی شاخی گویژەی گرتۆتەوە لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی دەروبەری کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی دارستانو پاوانی سلێمانین، بەڕێوەبەری هۆبەی دارستانو پاوانی چەمچەماڵ دەڵێت "ئەم پرۆژەیە لەسەرەتای مانگی ئەمساڵی ٢٠٢٣ەوە دەسپێکردوەو تاکو مانگی شەشی ئەمساڵ بەردەوام دەبێت".**



چاندنی نەمام لەچیای گۆیژە

ئارام حازم، بەڕێوەبەری هۆبەی دارستانو پاوانی چەمچەماڵ بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند لەئێستادا پرۆژەی چاندنی یەک ملیۆن نەمام لەسنوری پارێزگای سلێمانی دەستپێکردووەو چەمچەماڵیش بێ بەش نەکراوە لەهەڵمەتەکە، نزیکەی ١٠ دۆنم زەوی بۆ تەرخانکراوە کە پێنج دۆنم لەبانی مەقانە، پێنج دۆنمەکەی تر لەقەرەهەنجیرە هەردوو دارستانەکە سەر بەهۆبەی دارستانو پاوانی چەمچەماڵن، ئەو وتی "هەڵمەتەکە جەختی لەو شوێنانە کردۆتەوە کە زەوییەکی کەم سەوزاییو کەم درەختو ڕوتە بۆ ئەوەی سەوز بکرێتو ڕوبەری سەوزایی زیاد بکرێت".

وتیشی "پرۆژەی چاندنی ملیۆنێک نەمام ١٧ شوێنی جیاوازی سنوری پارێزگای گرتۆتەوە، لەسەنتەری سلێمانی شاخی گویژەی گرتۆتەوە، لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی دەروبەری سلێمانی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دارستانو پاوانی سلێمانین، لەهەر ناحیەو قەزایەک بەگوێرەی ئەو ڕوبەرەی کە دیاریان کردوە نەمام دەچێنرێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەی ڕوتەنو کەم درەختو سەوزایین".

بەڕێوەبەری هۆبەی دارستانو پاوانی چەمچەماڵ ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەم هەڵمەتە لەکۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ ڕاگەیاندراو لەسەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵی ٢٠٢٣ەوە چووە بواری جێبەجیکردنەوەو تاکو مانگی شەشی ئەمساڵ بەردەوام دەبێت، ئەو وتی "لەقۆناغی یەکەمدا زۆربەی شوێنەکان دەستیان بەدروست کردنی هێڵی گرادۆنی کرد لەناو دارستانەکان، لەقۆناغی دووەمیشدا چاڵ لێدان بوو، ئێمە لەچەمچەماڵ هەردوو قۆناغەکەمان بڕیوەو لە ئێستادا لەقۆناغی سێهەمداینو سەرقاڵی نەمام چاندنین".

ئارام حازم جەغت لەوە دەکات کە پێدەچێت نزیکەی ٢ هەزار بۆ ٢ هەزارو ٥٠٠ نەمام لەسنوری قەزای چەمچەماڵ بچێنرێت، ئەو وتی "بێگومان لەسەنتەری سلێمانی چاندنی ژمارەی نەمامەکان لەو ڕێژەیە زیاترە".

وتیشی "هەڵمەتەکە لەلایەن نوسینگەی بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕاگەیەندراوەو ئەوان پاڵپشتی دارایی هەڵمەتەکە دەکەنو نەمام بۆ پڕۆژەکە دابین دەکەن، کاک حسێن حەمە کەریم کە پێشتر لێپرسراوی دارستانو پاوان بوو لەوەزارەتی کشتوکاڵو ئێستا خانەنشێن کراوە ڕاسپێردراوە بەسەرپەرشتی کردنی پرۆژەکە".

> **پرۆژەی چاندنی ملیۆنێک نەمام ١٧ شوێنی جیاوازی سنوری پارێزگای گرتۆتەوە، لەسەنتەری سلێمانی شاخی گویژەی گرتۆتەوە، لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی دەروبەری سلێمانی**

# خۆراکی هەنگ لەکوردستانەوە هەناردە دەکرێت بۆ شارەکانی عێراقو ئێران



ئەو کاتەی هەنگ گەرا دادەنێت هیچ هەنگوینێک دروست ناکات

**ئا: ڕێژەن سەردار**

**کۆمپانیایەک لەهەرێمی کوردستانەوە خۆراکی هەنگ دەنێرێت بۆ شارەکانی عێراقو ئێران کە ناهێڵێت لە زستاندا هەنگ برسی بێت، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت "ئەم خۆراکەی ئێمە مەلیکەی هەنگ چالاک دەکاتو گەرای زیاتری پێدادەنێتو بەرهەمی ڕۆژانەمان یەک تۆنەو مانگانە شەس بۆ حەوت تەن لەشارەکانی عێراق دەفرۆشرێت".**

کۆڕەو کاروان کەمال، بەڕێوبەری کومپانیای کاکۆو کاروان بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی ڕاگەیاند "ئێمە بابەتمان زۆرە کە دەینێرین بۆ شارەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق، بەڵام ئەوەی بەرهەمی ناوخۆیەو هەناردەی دەکەین بریتیە لەخۆراکی هەنگ کە ماوی سوپەر کاندییە، هەڵبەتە ئەم ناوە سەر بەکارگەی کاردۆیە کە بەشێکە لەکۆمپانیاکەمانو لەلایەن ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانییەوە مۆڵەتمان پێدراوە".

کۆڕەو ئەوە ڕووندەکاتەوە کە خۆراکی هەنگەکەیان لەیانزە مادە پێکدێتو بۆ بەهێزکردنی هەنگو دانانەوەی گەراو مانەوەی لەوەرزی زستانو وەرزەکانی تردا بەکاردەهێنرێتو هەنگەکە بەهێز دەکات، ئەو وتی "بەرهەمی ڕۆژانەمان دەچێت بۆ بریکارەکانمان لەشاری حلەو مانگی شەش بۆ حەوت تۆن دەفرۆشێت، لەموسڵیش کۆمپانیای بوستانی بریکارمانەو بەرهەمەکانمان دەنێرێت بۆ شارەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراق".

وتیشی "ئەم بەرهەمەمان هەمووی ناوخۆیە تەنها ڤیتامینو پرۆتینەکانی یۆنانییە، لەشەکرو هەڵاڵەو هەنگوینو جاترەو ڕازیانەو فلوتۆکسو نەعنای وشک پێکدێت، تەنها فلوتۆکسەکە یۆنانیە کە ڕێژەیەکی کەمە بۆ یەک تۆن تەنها شەش کیلۆ فلوتۆکس پێویستەو بەکاردەهێنرێت".

بەڕێوبەری کومپانیای کاکۆو کاروان ئامارژە بەوە دەکات کاتێک هەنگوێن لەکورەی هەنگ دەردەکرێت پێویستە خۆراکێک بدرێت بەهەنگەکان، چونکە هەنگ کاتێک هەنگوین بەرهەم دەهێنێت بۆ ئەوە نیە مرۆڤ بیخوات، بەڵکو بۆ ئەوەیە خۆی بیخوات لەوەرزی زستاندا یان لەکاتی گەرا داناندا، ئەو کاتەی هەنگ گەرا دادەنێت هیچ هەنگوینێک دروست ناکات، ئەو وتی "ئەم خواردنەی ئێمە لەکارگەکامان دروستی دەکەین دەبێتە هۆی ئەوەی بەخێرایی گەرا دابنێتو جەماوەری مەلیکە زیاد بکات، لەکاتی هەنگوین دروستکرنیشدا ئەم خۆراکەی ئێمە ناکات بەهەنگوین خۆی لەدەرەوە شیلەی گوڵ دەهێنێتو دەیکات بەهەنگوین، سوودی ئەم خۆراکەی ئێمە ئەوەیە لەزستاندا ناهێڵێت هەنگ برسی بێت".

وتیشی "جگە لەکارگەکەی ئێمە دەیان خۆراکی تری هەنگ لەبازاڕدا هەن کە بەرهەمی وڵاتانە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە لەڕووی کوالێتییەوە کێبرکێی ئێمە بکەن، ئێمە ئەو کەرەسە خاوانەی بەکاریدەهێنین زۆرباشو کوالێتی بەرزن، هەڵاڵەی کوردی بەکاردەهێنین هەنگوینی ناوخۆی تێدەکەین، یانزە جۆر پرۆتینو ڤیتامینی یۆنانی تێدەکەین، کارگەکەی ئێمە ئیمتیازی کۆمپانیای نیترۆ فارمی یۆنانی هەیە کە یەکێکە لەباشترین کۆمپانیاکانی جیهان لەبواری کشتوکاڵیدا".

کۆڕەو کاروان کەمال، بەڕێوبەری کومپانیای کاکۆو کاروان ئەوەس ڕوون دەکاتەوە کە بەرهەمی کۆمپانیاکەیان زیاتر لەبەهارداو لەکاتێکدا کە هەنگ گەرا دەدەنێت دەفرۆشرێت، چونکە لەو کاتەدا هەنگ هەنگوین دروست ناکات، ئەو وتی "ئەم خۆراکەی ئێمە مەلیکە چالاک دەکاتو گەرا زیاتری پێدادەنێت، بەرهەمەکەی ئێمە لەهەرێمی کوردستانیش بازاڕی زۆرباشەو هەنگەوانان لێمان ڕازین، لەهەولێریش کۆمپانیای موزەفەرو سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان لەهەریر بەرهەمەکانی ئێمەیان لا دەستدەکەوێتو لەدهۆکیش بریکارمان هەیە".

وتیشی "پێش ئەوەی من ئەم کارگەیە دابنێم لەسلێمانی، لەهەولێرو دهۆکەوە خۆراکی هەنگمان بۆ دەهات، ئێستا پێچەوانە بۆتەوە لەسلێمانییەوە دەچێت بۆ هەولێرو دهۆکو لەئێستادا بەرهەمی هەولێرو دهۆک نایەت بۆ سلێمانی، ئێستا بەهاوبەشی لگەڵ زانکۆی سنە توێژینەوە لەسەر بەرهەمی کارگەکەمان دەکەین، لەکۆنگرەی کشتوکاڵی نێودەوڵەتی کەرەجیش بەشدار بووینو دەمانەوێت بەرهەمەکان بنێرینە دەرەوەی وڵاتیش".

بەڕێوبەری کومپانیای کاکۆو کاروان ئاماژەی بەوەش کرد کە لەکارگەکەیاندا چەندین گەنجو خێزان لەبەرهەمهێنانی بەرهەمەکەیاندا کاردەکەن ئەو وتی "چوار کارمەند لەبەشی ناو کارگەکەدا خۆراکەکە دروست دەکەنو خێزانێکی شەش کەسیش دەیکەنە کیلۆو کەپسی دەکەن، خۆشم سەرپەرشتی دەکەم، بەهەمووی ١٠ کەس کاری تێدا دەکەنو بەرهەمی ڕۆژانەمان یەک تۆنە".

> دەیان خۆراکی تری هەنگ لەبازاڕدا هەن کە بەرهەمی وڵاتانە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە لەڕووی کوالێتییەوە کێبرکێی ئێمە بکەن، ئێمە ئەو کەرەسە خاوانەی بەکاریدەهێنین زۆرباشو کوالێتی بەرزن، هەڵاڵەی کوردی بەکاردەهێنین هەنگوینی ناوخۆی تێدەکەین

# قەرزو قیستو بەهای دۆلار

**سەرکۆ یونس**

**گۆڕانکارییە خێراو یەک لەدوای یەکەکانی بەهای دۆلار بەرامبەر بەدیناری ئێراقی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ وناراستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر کۆی مامەڵەکانی کڕینو فرۆشتنو قەرزو قیستی مامەڵەکاران، لەم نێوەندەدا هاوڵاتیان بارگرانی زیاتریان لەسەرشان دەوەستێت.**

لەبیست ساڵی ڕابردوی هەرێمی کوردستاندا، دوای ئەوەی داهاتی حکومەتو داهاتی تاکەکەس بەرەو بەرزبونەوە ڕۆشت، زۆربەی کڕیارانو هاونیشتمانیانی هەرێم بۆ بەدەستهێنانی شمەک وکاڵاو کەلوپەلی ناوماڵو ئۆتۆمبیلو یەکەی نیشتەجێ بوون، پەنایان بۆ شێوازی مامەڵەی قیستو قەرزی درێژخایەن بردووە، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین بڵێین خواستی زۆربەی کۆمەڵگا هاتوەتەدیو پێداویستییەکانیان دابینکردووە، بەتایبەتی هەموو ئەو کەسانەی کەداهاتیان دیاریکراوەو مووچەخۆری حکومین..

لەدوو ساڵی ڕابردودا بەهۆی دابەزاندنی بەهای دیناری ئێراقی لەلایەن بانکی ناوەندییەوە، بەنزیکەی ٢٥٪ هێزی شتکڕینی دیناری ئێراقی بەهاکەی لەدەستداو مامەڵەکارانی قیستو قەرزی دۆلار ناچار بۆ دانەوەی قیستەکانیان دینارەکانیان لەبازاڕدا ڕێژەی ٢٥٪ زیاتریان بۆ دۆلار دەگۆڕییەوە، ئەمە قۆناغی یەکەمی بارگرانی گۆرانکارییەکانی ئاڵوگۆری دینار بەدۆلار بوو.

لەماوەی دوو مانگی رابردودا، جارێکی تر بەهای دینار بەرامبەر بەدۆلار، ڕێژەی ١٥٪ بەهای لەدەستاو سەرەرای جێگیری نرخی ئاڵوگۆر لەبانکی ناوەندیدا بۆ هەر دۆلارێک ١٤٦٠ دینارە، بەڵام بەهۆکاری کەمکردنەوەی خستنەڕووی قەبارەی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیو سپیکردنەوەی دۆلار لەبازاڕەکانی ئێراق لەهەمانکاتدا فشارەکانی بانکی فیدراڵیو وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا بۆ بانکی ناوەندیو حکومەتی ئێراقی، هەندێ هۆکاری تر. دینار بەهاکەی کەمبوویەوە.

بەهەردوو گۆڕانکارییەکە ڕێژەی ٤٠٪ بەهای دینار بەرامبەر دۆلار کەمبووەتەوە، لەم نێوەندەدا هەموو ئەو کەسو کڕیارانەی کەقیستو قەرزیان لەسەرەو بەپێ ی گرێبەستی یاسایی پێویستە بەدۆلار بیدەنەوە تووشی زەرەر وزیانی دارایی دەبن، بارگرانی زیاتریان لەسەر دەکەوێت.

بۆ خۆ بەدوورگرتن لەم شێوازی مامەڵەیەو خۆپاراستن لەزەرەروزیانی گۆرینەوەی دینار بەدۆلار هەندێ هەنگاو ڕێکاری گرنگو جێ بایەخ هەیە:

* پێویستە حکومەت بەیاسا، سەرجەم مامەڵەکانی کڕینو فرۆشتن لەبچوکترین مامەڵەوە بۆ گەورەترین، بەدراوی نیشتمانی ڕێکبخاتو سزای سەرپێچیکاران بدات.

* هەموو گرێبەستەکانی وەبەرهێنانو بازرگانی لەنێوان حکومەتو لایەنی دووەمدا بەدینار بێت، بۆئەوەی مامەڵەکاران لەزەرەر وزیانەکانی گۆرینەوەی دینار بەدۆلار بەدوور بن.

* هۆشیاریو بەرچاوڕوونی کڕیاران گرنگە، داهات بەچی دراوێکە بەو دراوە خەرجییەکان ڕێکبخرێنەوە، بەتایبەتی مووچەخۆرانی حکومیو کرێکاران، لەبەرئەوەی کەمووچەو کرێ بەدینارە باشترە خۆیان بپارێزن لەکڕین بەدۆلار، چونکە لەبەرژەوەندیان نی یە دینار بگۆڕنەوە بەدۆلار، هەوڵبدەن ئەو پێداویستییانە بکڕن کەبەدینارە.

* بۆ هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە داهاتەکانیان بەدینارە، پێویستە مامەڵەی قیستو قەرزەکانیان لەو کۆمپانیایانە بکەن کەمامەڵە بەدینار ئەنجام دەدەن.

* دراوی یاساییو فەرمی لەهەرێمو ئێراقدا، دینارە، زۆر گرنگە هەموو لایەک بەگشتیو هۆکارەکانی راگەیاندنو سۆشیال میدیا بەتایبەتی، لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئابوری ودارایدا بن، بۆ پاڵپشتیکردنی دینار، چونکە یەکێک لەهۆکارەکانی بەرزی بەهای دراو، متمانەیە، هەتا متمانەی هاوڵاتیان بەدراوەنیشتیمانییەکەیان زیاتر بێت، بەهای دراوەکەیان بەرزتر دەبێت، لەماوەی دوومانگی رابردوودا، زۆربەی خەڵک کاریگەر بوون بەهەواڵە بەپەلەو لەناکاوەکانی سۆشیال میدیا، بەداخەوە ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان بینی..

*پێویستە لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەستی قەرزوقیستی درێژ خایەندا، بەندێک هەبێت تایبەت بێت بەنەرمی نواندنی گرێبەستەکە بۆ ئەوەی لەکاتی گۆرانکاری لەبەهای دراوەکاندا هیچ لایەنێک تووشی زەرەر وزیان نەبن، بەشێوەیەک لەبەرژەوەندنی هەردوو لادا بێت.

* پێویستە مامەڵەکردنەکان بەدراوی نیشتمانی بکرێت بەکلتور، ناکرێتو لەبەرژەوەندی ئابوری تاکو خێزانو کۆمەڵگا نی یە، لەپاڵ دراوی نیشتیمانیدا دراوێکی بیانی بەهابەرز مامەڵەی پێوە بکرێتو بەکاربهێنرێت.

هیواداریـن، بابەتی مامەڵەکردنی قیستو قەرز بەدۆلار، چارەسەر بکرێت بۆئەوەی کێشەی داراییو کێشەی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە.

> **یەکێک لەهۆکارەکانی بەرزی بەهای دراو متمانەیە، هەتا متمانەی هاوڵاتیان بەدراوە نیشتیمانییەکەیان زیاتر بێت، بەهای دراوەکەیان بەرزتر دەبێت**

## Dollar


دۆلار دراوێکی جیهانییە

**ئا: بازرگانیو پیشەسازی**

**دراوی فەرمی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە. پاش شۆڕشی ئەمەریکا کە ١٣ ویلایەت سەربەخۆییان راگەیاند، هێشتا زۆربەی ویلایەتەکانی ئێستای ئەمەریکا سەر بەمەکسیک بون، پێش شۆڕش ئەمەریکییەکان پاوەندی بەریتانیان بەکاردەهێنا، بەڵام لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە ئەمەریکییەکان زیاتر دۆلاری ئیسپانی (دۆلاری مەکسیکی)یان بەکاردەهێنا لەمامەڵەی رۆژانەیاندا. ساڵی ١٧٩٢ وەزیری دارایی ئەمەریکا رایگەیاند کە "دۆلاری ئەمەریکی بەتەواوی پشت دەبەستێت بەدۆلاری مەکسیکی".**

ئەوکات دوو پیتی P S ئاماژە بوون بۆ پیزۆو ئیسپانیا، بەڵام لەسەدەی هەژدەمدا بۆ ئاسانکاریی دەستکرا بەوەی پیتی P لەسەر S بنوسرێتو نوسینەکە وەک نیشانەی دۆلاری لێهات $، کە لەساڵی ١٧٨٥ەوە بۆ نوسینی دۆلار ئەم نیشانەیە بەکاردەهێنرێت.

زۆربەی وڵاتانی ئەمڕۆی جیهان دۆلاریان کردوە بەدراوی خۆیان یاخود دراوە نیشتمانییەکانی خۆیان بەستوەتەوە بەدۆلارەوەو لەمامەڵەی بازرگانیاندا کردویانە بەپێوەر. دۆلار بەهێزترینو گرنگترین دراوی جیهانە، کە دراوێکی سەرەکی یەدەکی جیهانیو دراوی بنەڕەتییە لەبازرگانی جیهانییدا.

# دینارو دۆلارو بوژانەوەی ئابوریمان



ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

ئەم ڕۆژانە هیچ بابەتێک وەک بەرزبوونەوەو دابەزینی بەهای دینار لەبەرامبەر نرخی دۆلاردا، خەڵکو ڕای گشتی عێراقو کوردستانی بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکردووە، چونکە بەدەر لەوەی هەر دابەزینو بەرزبوونەوەیەکی دۆلارو دینار کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئابوری وڵاتو بژێویی ژیانو دەرامەتی هاوڵاتیان دەبێت، هاوکات ڕەهەندێکی سیاسیش لەخۆدەگرێ کە پەیوەندی بەململانێی سیاسی وڵاتە بەهێزەکانی جیهانو ناوچەکەشەوە هەیە.

هۆکار زۆرن ڕۆڵی گەورە لەئاڕاستەکردنی بەهای دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی دەبینن، بەڵام ڕاستییەک کە ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت ئەوەیە هەموو بەهێزبوونێکی دیناری عێراقی یاخود لاواز بوونێکی، کاریگەری خوازراوو نەخوازراوی لەسەر ئابوری هەرێمی کوردستان دەبێت، لەبەرئەوەی دیناری عێراقی دراوی هەموو عێراقە بەکوردستانیشەوەو کەس ناتوانێت خۆی لەکاریگەری بەرزبوونەوەو دابەزینی ئەو دراوە نیشتیمانییە داببڕێت.

ئەمە ڕاستییەکی سەلمێنراوە لەپاڵ "ئاڵاو سرود"دا، کە دروشمو ڕەمزی سەروەری نیشتمانیی هەر گەلو وڵاتێکن، وەک زۆرێک لەئابوریناسان دەڵێن سیمبولو ڕەمزێکی سەرەکی سەروەری نیشتمانیش، دراوو سیستەمی دراوی نیشتمانییە، پێوەریش ئەوەیە کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو دراو نیشتمانییە لەوڵاتێکدا چەندە.

ئێمە بمانەوێو نەمانەوێ ماوەی زیاتر لەسەد ساڵە، مامەڵەی بازاڕو هەموو کڕینو فرۆشی بازرگانیمان بەدینارە، لەم چەند ساڵەی ڕابردوشدا کە لەهەرێمی کوردستان هەوڵێک درا بەناوی "سەربەخۆیی ئابوری"یەوە مووچە بەدۆلار بدرێت، بەڵام سەرەنجام ئەم هەوڵە نەک سەربەخۆیی بەمانا سیاسیو ئابورییەکی بۆ هەرێمو خەڵکی کوردستان دەستەبەر نەکرد، بەڵکو بووە مایەی داڕمانی ئابوری هەرێمو ئەوانەی دروشمی سەربەخۆیی ئابورییان تاقیکردەوە شکستیان هێناو نەیانبردەوە.

بێگومان لەسێ دەیەی ڕابردوودا بەهای دیناری عێراقی بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا دراوی عێراقی سەرباری ئەو هەلومەرجە سەختە سیاسییەی ئەم وڵاتە بەخۆیەوە بینیویەتی، توانیویەتی بەهای خۆی تا ئەندازەیەکی گونجاو بپارێزێت، بەسەرنجدان لەو شۆکە ئابورییەی وڵاتانی چواردەورمانی پیادا تێدەپەڕێتو بەردەوام نرخی دراوەکانیان لەهاڕە کردندایە.

ئەگەرچی ناکرێت نکوڵی لەوەش بکرێت کە سیستەمی پارە "نەخت"ی عێراقیی لەگرفتدایەو ناشکرێ تەنها بەوە بەهاکەی ڕابگیرێت کە بانکی ناوەندی دۆلار بفرۆشێت، بەڵکو بەهێزتر کردنی دینار پێویستی بەکۆمەڵێک میکانیزمە بۆ ئەوەی سەقامگیریی بەهاکەی لەماوەیەکی کورتخایەنو درێژخایەندا بپارێزێت، کە گرنگترینیان پاشەکەوت کردنو مامەڵە کردنە بەدینار لەبری دۆلار.




> لەپاڵ "ئاڵاو سرود"دا، کە دروشمو ڕەمزی سەروەری نیشتمانیی هەر گەلو وڵاتێکن، وەک زۆرێک لەئابوریناسان دەڵێن سیمبولو ڕەمزێکی سەرەکی سەروەری نیشتمانیش، دراوە

بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەش، کۆمەڵێ ئاماژەی ڕوون پەیوەست بەئابوری عێراق هەن کە دەیسەلمێنن مەترسی لەسەر نەختینەی عێراقو ئابوریەکەی گەورە نییە، لەبەرئەوەی بەپێی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ٢٠٢٣، عێراق لەڕیزبەندی گەشەی وڵاتە عەرەبیەکاندا لەڕیزی پێشەوەدایەو ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیریی سیاسیو ئەمنی دەبێتە مایەی بەهێز بوونو بوژانەوەی زیاتری ئابورییەکەی، بەسەرنجدان لەوەی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراق نەوتەو نرخی نەوتیش لەئاستێکی بەرزدایە. ئەمە جگە لەوەی کە عێراق خاوەنی زیاتر لە ٩٤ ملیار دۆلار یەدەگو ١٣٥ تۆن زێڕە، کە گەورەترین پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئابوری عێراقو پاراستنی نەختینەییەتیو پێشبینی ئەوەش دەکرێت ساڵ بەساڵ یەدەگی عێراق زیاتر بێت.

لەم ڕوانگەیەوە گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان لەم دۆخەدا بە بەرنامەو بەشێوەیەکی پلاندارێژراو مامەڵەیەکی تەندروستی ئابوریانە بکات لەگەڵ دیناری عێراقی، چونکە هێزی ئابوری هەر وڵاتێک پەیوەستە بە بەهێزیی دراوی نیشتیمانییەکەیو هەر بەهێزبوونێکی دینارو بوژانەوەیەکی عێراقیش لەڕووی ئابورییەوە، بەهێز بوونو گەشەی ئابوری هەرێمی کوردستانی لێدەکەوێتەوە، وەک ئەوەی لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٤ ئەزمونمان کرد.

# SWFIT



شەن جەزا کەریم

بۆ ئەوەی لەسیستەمی سوێفت تێبگەین پێویستە چەردەیەکیش لەمێژوو ماناکەی بزانین، سوێفت کورتکراوەی The Society for Worldwide Interbank) (Financial Telecommunications بەمانای ( کۆمەڵەی پەیوەندییە داراییەکانی جیهان لەنێوان بانکەکاندایە.

ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی ١٩٧٣دا دامەزراوەو بارەگا سەرەکییەکەی لەبەلجیکایەو چالاکییەکانی لەساڵی ١٩٧٧ دەستیپێکرد.

سوێفت ڕێکخراوێکی قازانج نەویستەو مەبەستی ڕێکخستنی کاری ئەندامەکانیەتی کە خاوەندارێتی ئەکەن. ئەندامەکانی پێکدێت لەزیاتر لە (٢٠٠ ) دوسەد وڵات ، کە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبیەکان تیایدا ئەندامن بەعێراقیشەوە. هەروەها زیاتر لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دامەزراوە، بەڵام مەرجە ئەو دامەزراوەیەی دەبێتە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە وڵاتەکەی کە دامەزراوەکەی تێدایە ئەندام بێت.

ئەم سیستەمە ئامانجی دابینکردنی نوێترین ئامرازی زانستییە لەبواری بەستنەوەو ئاڵوگۆڕی پەیامو زانیاری لەنێوان هەموو بازاڕە داراییەکان، لەڕێگەی ئەو بانکانەی بەرپرسن لەجێبەجێکردنی ئەمە لەوڵاتە جیاوازەکاندا، بەمەش بەشداربوو بتوانێت پێداویستییەکانی کڕیارانی بیانیو ناوخۆیی بەهەمان شێوە دابین بکات.

چالاکی ئەم کۆمەڵەیە بریتیە لەڕێکخستنی پەیوەندی بانکەکان، کۆمپانیاو دامەزراوەکان، ئاڵوگۆری زانیاری گواستنەوەی پارەو ڕێکخستنی کارە بازرگانیەکان، لەڕێگەی بانکە ئەندامەکانی خۆیەوە، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە کە لەپرۆسەی ئاڵوگۆری بازرگانیدا ئەنجام ئەدرێت، وەک ئاڵگۆڕی نوسراوە فەرمیەکانو گشت زانیاریەیەکی پێویست بەبازاڕی دراوو هاوردەو هەناردەو بەخشینی متمانە بەهەردوو لایەن بەخێراترینو باشترین شێوازو ڕێکخستنی داراییو نرخەکانی بۆرسەو کردە بازرگانیەکانی تر لەڕێگەی بانکەکانی کە لەو کۆمەڵەیەدا ئەندامنو بەرپرسن.

کەواتە هەر بازرگانێک لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانی ئەنجام بدات ئەوا بەدور ئەبێت لەهەمو کارێکی نایاساییو ناکەوێتە بەر هیچ ریسکێک. لەڕێگەی ئەم سیستەمەوە ڕۆژانە بەدەیان ملیۆن مامەڵەی بازرگانی بەبێ کێشە بەڕێئەکرێت، بەترلیۆنان دۆلار ئاڵوگۆڕی پێوە ئەکرێت.

سیستمی سوێفت ڕێگرە لەشتنەوەو سپیکردنەوەی پارەی نایاسایی، بەشێک لەوڵاتەکانی یەکێتی ئەوروپا لەدوای داگیرکردنی دورگەکانی قرمەوە لەلایەن روسیاوە داوای ئەوە ئەکەن روسیا لەسیستەمەکەدا بلۆک بکرێت، بەڵام هەندێکی تریان بەرگری لێئەکەن لەبەرئەوەی ئەزانن خۆیان زەرەرمەند ئەبن.

هەروەها گرنگترین ئامانجەکانی ئەم سیستەمە بریتییە لە "خێرایەکی زۆر بۆ گەیاندنی نامە بانکیەکان، پاراستنی نهێنی مامەڵە داراییەکان، ئاڵوگۆڕی حسابێک بۆ حسابێکی دیکە، گۆڕینەوەی دراوێک بۆ دراوێکی دیکە، بڕیاری فەرمانکردن بەکڕینو فرۆشتن، بەدۆکیۆمێنت کردنی مامەڵە داراییەکان".

ئەوەی مەبەسمانە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین بەخشینی عێراقە لەسیستمی سوێفت کە زیاتر لەپانزە ساڵە ڕێگەدراوە بەعێراق لەدەرەوەی سیستمی سوێفت کار بکات بەبیانوی ئەوەی زۆرێک لەپێداویستیەکانی عێراق لەڕێگەی ئێرانەوە دابین ئەکرێتو زۆرێک لەپێداویستی خۆراکی هەندێک جۆری سوتەمەنی، کە لەکۆتایی ٢٠٢٢ ئەو بەخشینە کۆتایی پێهات کە بەگەورەترین هۆکاری ناجێگری نرخی دیناری عێراق ئەژمار ئەکرێت، بەڵام مەرجە ئەوەش بزانین کە ئابوری عێراق تا ئەمڕۆ داهاتی نەوتیەکەی لەژێر کۆنتڕۆڵو چاودێری وەزارەتی خەزانەی ئەمریکادایە، ئەم چاوپۆشینەش لەعێراق لەدەرەوەی سوێفت خراپ بەکارهاتوە، لەبەر ئەم هۆکارە ئەمریکا چیتر ڕێگە نادات لەدەرەوەی سیستەمی سوێفت مامەڵە بکرێت.

ئێرانیش کە لەدەرەوەی سیستەمی سوێفتدایە زۆرێک لەدراوە قورسەکەی عێراق ڕوی لەئیران کردوە، هەر ئەم هۆکارەشە کە عێراقی ڕوبەڕوی ئەم قەیرانە گەورەیە کردۆتەوە بەهای دینار ڕۆژانە دادەبەزێت بەرامبەر دۆلار، کەواتە بۆ فریاکەوتنی ئەوەی کێشەکە لەکۆنتڕۆڵ دەرنەچێت، ئەوەیە عێراق بەزوترین کات بچێتەوە ناو سیستەمی سوێفت.

مامەڵەکانی لەو ڕێگەیەوە ئەنجام بدات، ئەوکات بەهای دینار جێگیر دەبێت، بازاڕیش سەقامگیری بەخۆوە دەبینێت، ڕێگەش لەسپیکردنەوەو شتنەوەی پارە ئەگیرێت، بەو هیوایەی گەندەڵیش کەم ببێتەوەو باری ئابوری وڵاتمان لەمە لارتر نەبێت.

# چۆن بەرهەمێکی کشتوکاڵی تەندروست بەدەستدەهێنین؟



وەسفی خەلیل ئیسماعیل

هەمیشە زانایانی کشتوکاڵ هەوڵیان داوە بەرهەمێکی کشتوکاڵی تەندروست بەدەستبهێنن بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەوەی ببێتە مایەی تێکچونی تەندروستی مروڤ، ببێتە هۆکارێک بۆ بەختەوەری مرۆڤ بەشێوەیەک بتوانێت بە بەکارهێنانی پێویستی لەشی دابین بکات لەڤیتامینو کانزاکانو پرۆتینو کاربۆهیدرات.

زیاتر بەرگری لەشی زیاد بکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەموو جۆرە نەخۆشییەک، زاناکانی ئەم بوارە چەند بیریان لەوە کردوەتەوە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد بکەن ئەوەندەش بگرە زیاتر بیریان لەوە کردوەتەوە بەرهەمێکی تەندروست بەدەستبهێنن، بۆ ئەوەی لەهەموو ڕووەکانەوە سودی هەبێت بۆ مرۆڤ، دوای ئەوەی ڕێژەی دانیشتوانی زەوی زیادی کرد بەشێوەیەکی بەرچاو بیر لەوە کرایەوە ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ دابینکردنی پێداویستی مرۆڤ لەبەرهەمی کشتوکاڵی، هەمیشە هەوڵدراوە کەمترین ڕوبەر بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەمو بە کەمترین تێچون، بەڵام بەداخەوە هەندێجار ئەگەر لەڕووی نەزانینەوە بێت یان لەڕووی ئەوەی داهاتێکی باشیان دەستبکەوێت ڕەچاوی جۆری بەرهەمەکە نەکراوە لەڕووی کوالێتیەوە لەئەنجامدا بەداخەوە هەندێجار دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین جۆری نەخۆشی لەوانەیە هەندیکیشیان کوشندە بێت. لێرەدا مەبەستمانە چۆن بتوانین ڕێگر بین لەو جۆرە بەرهەمە ژەهراویانە کە بەداخەوە لەهەندێک وڵات ئەوەندە گرنگی بەزیادکردنی بڕەکە ئەدەن ئەوەندە گرنگی بەکوالێتی بەرهەمەکە نادەن لەوانەش وڵاتی خۆمان.

نابێت ئەوەش لەبیرمان بچێت تەنها هۆکار ئەوە نیە ئێمە هەندێ موادی کیمیاوی (قڕکەر، پەین) بەشێوەی نازانستی بەکاردەهێنین دەبێتە هۆی تیکچونی بەرهەمەکانمان، زۆر هۆکاری تریش هەن جگە لەم دوو مادەیە کە هۆکاری سەرەکین بۆ ژەهراوی بونی بەرهەمەکانمان، ئەگەربێتو بەخراپی بەکاربێت بەڵکو کەمی هوشیاری جوتیارو خاوەن پیشە کشتوکاڵیەکان هۆکاری سەرەکین لەتێکچونی بەرهەم ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین هەر لەسەرەتای پرۆسەی چاندن بگرە لەئامادەکردنی زەوییەوە تا کوتایی بەرهەمهێنان، کە بەبازارکردنە.

ئەگەر بەنەزانی پرۆسەکە ئەنجام بدرێت هۆکارە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی ناتەندروست بەدەستبهێنینو ببێتە مایەی ماڵوێرانی لەجیاتی ئەوەی ببێتە خۆشگوزەرانی مرۆڤ، مەبەستمان لەقۆناغەکانی پرۆسەی چاندن چیە، زۆرجار پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ درەخت وەکو مرۆڤ دەشوبهێنینو دەڵێن تا پێمان بکرێت درەختێکی تەندوستمان هەبێت ئەوەندە دەتوانێت ڕێگر بێت لەوەی نەخوشییەکان زەفەری پێ ببات. لێرەدا دەتوانم بڵێم هەر لەسەرەتاوە، نەک دەستبەکاربوون بگرە لەوەی بیر لەوە بکەینەوە چ بەرهەمێک بچێنین دەبێت بگەڕێن بۆ ئەوەی خاکێکی بۆ ئامادە بکەین کە گونجاو بێت بۆ ئەو جۆرە بەرهەمە، بۆ نمونە خاکێکی لماوی گونجاوترە بۆ بەرهەمی پەتاتە لەوەی لەخاکێکی قورسی قوڕاوی کە تێیدا بەئاسانی نەتوانێ گەشە بکات. بەهەمانشێوە بۆ بەرهەمەکانی تریش.

دوای ئەوە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە چ جۆرە پەینێکی ئۆرگانیکی خۆماڵی تیکەڵ بەخاکەکە بکەین، ئەم ئامادەکردنە وەکو ئەوە وایە بۆ بەخیوکردنی منداڵی ساوا، پزیشک ئامۆژگاری دایکان ئەکات کە شیری خۆیانی بدەنێ لەوەی شیری دەستکرد، چونکە جۆری یەکەم هەمیشە منداڵەکە لەش ساغ دەکاتو بەرگری لەنەخوشی زیاتر دەکات، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبێت جوتیار بیر لەوە بکاتەوە ئەو جۆرە پێداویستیانەی بەکاری دەهێنێت زۆرتر ئۆرگانیگ یان سروشتی بێت، بۆ نمونە هەرگیز بیر لەوە نەکرێتەوە قڕکەری کیمیاویی بەکاربهێنین تا جۆرەکانی تری ڕێگاچارەکانمان لەبەردەست بێت، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە چەندین جۆری ڕێگریمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان سروشتین وەک بەکارهینانی مێروە دژەکان، بۆ نمونە ئەگەر مێروی جاڵجاڵۆکە بەکاربهێنین کە بەهیچ جۆرێک زیانی نیە بۆ بەرهەمەکەمان بۆ لەناوبردنی مێروی جۆری (مەن) تەندروستترە لەبەکارهێنانی قڕکەری کیماویی کە جگە لەوەی زیان بە بەرهەمەکە دەگەیەنیت هۆکارێکیشە بۆ پیسکردنی ژینگەو لەهەمانکات هۆکارێکیشە بۆ لەناوبردنی هەندێ مێروی سوودبەخش.

ئەگەر بڵێم جوتیاری ئەمڕۆ پەیرەوی ئەم جۆرە ڕێگری کردنە ئەکەن لەبڵاوبونەوەی نەخۆشیە کشتوکاڵییەکان بەداخەوە نەخێر، چەندین کومپانیای جیهانیش هەن لەئێستادا بەرهەمی ژەهراوی خۆیان بڵاوکردوەتەوە بەسەر جوتیاران لەڕێی هەندێ ئەندازیاری کشتوکاڵی، خۆیانیش باش دەزانن مادەکانی ئەوان چەند زیانبەخشە، تەنانەت هەندێک لەو کۆمپانیانە بەرهەمەکانیان لەوڵاتانی خۆیان قەدەغە کراوە، بگرە چەندین کەیسی یاساییان لەسەر تۆمار کراوە، تەنانەت ڕوبەڕوی سزای گەورەش بونەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئیستا لای خۆمان وەکو بڵێی هەنگیان لەکونەدار دۆزیوەتەوە، بەدڵخوشیەکی زۆرەوە دەستاودەستی پێدەکرێتو بەکاردێت لەپرۆسەی چاندن نازانن چەند زەرەرمەندە.

لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی پەینی کیمیاویی بەشێوەیەکی ناتەندروست نەک تەنها زەرەری هەیە بۆ بەرهەمەکە، بگرە کوالێتی خاکەکانیشمانی تێکداوە، ئەگەر وابڕوات توانی بەرهەمهێنانی کەم دەبێت بگرە پێویستە بۆ چەندین ساڵ بەکارینەهێنین، لەلایەکی تریشەوە بوەتە مایەی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی بەتایبەت لەو ناوچانەی زیاتر جۆری کشتوکاڵی داپوشراو بەکاردەهێنن (خانووی پلاستیکی)، ئەوەی کە باسمان کرد لەزیانەکانی ڕێوشوێنی بەکارهێنانی موادی کیمیاویی کە نەک تەنها بەرهەمێکی ناتەندروستمان دەداتێ، بگرە لەهەمانکات دەبێتە مایەی زەرەرێکی زۆر بۆ خودی جوتیارەکە هەر لەوەی لەکاتی بەکارهێنانی زیان بەتەندروستی خودی

> چ جۆرە پەینێکی ئۆرگانیکی خۆماڵی تێکەڵ بەخاکەکە بکەین، ئەم ئامادەکردنە وەکو ئەوە وایە بۆ بەخێوکردنی منداڵی ساوا، پزیشک ئامۆژگاری دایکان ئەکات کە شیری خۆیانی بدەنێ لەوەی شیری دەستکرد

بەکارهێنەرەکەی دەگەیەنێت، هەروەها تێچوونی بەرهەمەکەشی بەرز دەکاتو بەئاسانیش ناتوانێت بازاڕیشی بۆ پەیدا بکات. بەداخەوە ئێمە نەک تەنها ئاگام لەبەرهەمی خۆمان نیە بگرە ئەوەی لەدەرەوەش بۆمان دێت هیچ چاودێرێکی لەسەر نیە، بۆیە زۆرجار دەبیستین هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی هەیە لەوڵاتان ڕێگایان پێنەدراوە، لەبەرئەوەی لەڕووی تەندروستیەوە کوالێتیەکەی نزمە، بەڵام بەداخەوە لای خومان ڕێگایان پێدراوە لەبەر نەبونی تاقیگەیەکی پڕۆفیشناڵ لەسەر خاڵە سنووریەکان.

پیشتر ئاماژەمان کرد بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی قڕکەر، چ کیمیاویی بێت یان ئۆرگانیکی، باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی مێروشمان کرد، ئەوەی ماوە بەکارهێنانی شێوازی میکانیکییە، ئەویش بەکۆکردنەوەی مێروەکان وەکو چۆن لەکاتی بڵاوبوونەوەی مێروی سن لەناو گەنم، ئەم شێوازە لای خۆمان بەکاردێت تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووە، شێوازی داپۆشینیش ڕێگەچارەیەکی ترە، ئەویش بەکارهێنانی تۆڕی کونکون بەتایبەت لەخانوی پلاستیکی، زۆرجار لەخاڵە گومرییەکان کەرەنتینەی کشتواکاڵی دادەمەزرێت بۆ ڕێگەگرتن لەهەندێ ڕووەک یان قەدەغەکردنی هێنانی نەمامێک ڕەگەکەی بەخۆڵەوە بێت.

هەروەها ڕێگەنەدان بەهەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی لەوڵاتانەوە کە جۆرە نەخۆشییەک تێیدا بڵاوە، وەک نەخۆشیەکانی دارخورما، کە دەیان ساڵە قەدەغە کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەیبینین دەست شلکراوە لەئاستی هاوردەکردنی ئەو جۆرە بەرهەمانە. لێرەدا زیاتر مەبەستمان خۆپاراستنە لەهەندێ نەخۆشی دەرەکی، لەوانەیە وڵاتی خۆمان پێی ئاشنا نەبێت، ئەمەش ڕاستە بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵو پەلەوەر. لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێت ئەو هەموو ڕێگانە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەبڵاو بۆنەوەی نەخۆشی ئەی بۆ جوتیاران زیاتر پەنا دەبەن بۆ ڕێگە چارەی کیمیاویی کە زیانیکی گەورەی هەیە بۆ مرۆڤ؟ پسپۆڕانی ئەم بوارەش بەهەموو هەوڵێکیان ئامۆژگاری ئەندازیارانو جوتیاران ئەکەن لەکاتی زۆر پێویست نەبێت، هانا بۆ چارەسەری کیمیایی نەبەن.

سەبارەت بەوەی بۆ قڕکەری کیماویی بەکاردەهێنرێت؟ لەبەرئەوەی هەندێکیان کاریگەری زۆریان هەیە بۆ لەناوبردنی نەخۆشیەکەو نرخەکانیشیان هەرزانترو کاریگەری خێراترە بەراورد بەڕێگەکانی تر، هەرچەندە ئەم دوو سیفتە باشەشی هەیە، بەڵام کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر ژینگەو تەندروستی مرۆڤ.

راستیەکی تریش شێوازی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکەیە لەکاتێکدا ئەگەر توانیمان بەرهەمێکی تەندروستمان دەستکەویت دەبێت ئەو بەرهەمە بەشێوازیکی تەندروستیش بگاتە دەستی هاوڵاتی، چونکە زۆرجار دەبێت بەرهەمەکە لەساردکەرەوەدا هەڵبگیرێتو بگوازرێتەوە، بەڵام لای خۆمان زۆر کوڵەوارین لەم بوارەدا چ لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای بەپاکەت کردن، تەنانەت هەڵگرتنو گواستەوەشی، هەر بۆ نمونە بارێک لەهەناری هەڵەبجە کە لەلایەن جوتیارانەوە ئەرکو ماندوبوونێکی زۆریان پێوەکێشاوە، لەکاتێکدا هەناردەی دەرەوە کراوە بەڵام بەداخەوە ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانە نەکراوو لەئەنجامدا تا گەیشتووەتە شوێنی مەبەست زیانێکی گەورەی پێگەیشتوە.

ئەی چارە؟ ئایا چاوەڕێ ئەوە بکەین تا بەتەواوی بەرکەوتەکانی ئەم دەرمانە کیمیاوانە تەنگمان پێهەڵچنێ ئەوجا بیر لەڕێگەچارە بکەینەوە، یان ئێستا بەدوای ئەوەدا بگەڕێین ئەگەر ڕێگەچارە هەیە ئەی میکانزمەکەی چیە؟ بێگومان چارەسەر لەدوو ئاڕاستەوە دەبێت کاری لەسەر بکرێت:

یەکەم، دەبێت هەموو پرۆژەیەکی کشتوکاڵی سەرپەرشتیاری هەبێتو پسپۆڕ بێت لەبوارەکەی خۆی، وەکو چۆن لەڕینمایەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هاتوە ئەو پسپۆڕە نەک تەنها خەمی زیادکردنی بەرهەم بێت، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی کوالێتی بەرهەمەکەش بکات بەشێوەیەکی تەندروست بگاتە دەست هاوڵاتی. خوشبەختانە ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ لەپرۆسەیەکی نیشتیمانی گەورەدا خەریکی کردنەوەنەی خولی راهێنانە بۆ هەڵگرانی بڕوانامە کشتوکاڵیەکان کە هەردوو سێکتەری ئاژەڵیو ڕووەکی گرتوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە. ئومێدی گەورەمان ئەوەیە ئەمانە بتوانن ڕوڵی بەرچاویان هەبێت لەدابین کردنی بەرهەمێکی تەندروستو لەلایەن وەزارتی کشتوکاڵو فەرمانگە کشتوکاڵیەکان چاودێری بکرێن نەک بەدەردی سەرپەرەشتارەکانی ڤێتینەری بچن کە دانراون بۆ سەرپەرشتی هۆڵەکانی پەلەوەر، بەڵام هیچ ڕوڵیکیان نیە!

دووەم، حکومەت جەخت بکاتەوە لەسەر کوالێتی بەرهەمەکە، ئەوەش بەدانانی ڕێوشوێنێکی زانستی بۆ چاودێری بەرهەمەکانیان، بە بەکارهێنانی تاقیگەی پێشکەوتوو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ بەڕێوەببرێن، ئەنجامەکەشی سەنگی مەحەک بێت بۆ وەرگرتن یان قەدەغەکردنی، نەک تەنها کارێکی ڕوکەش بێت بەمەبەستی وەرگرتنی کرێی تێستی تاقیگەکەیانو هیچ ڕێکارێکیان بەرانبەر نەکرێت! بۆ هاندانی جوتیارانو سەرپەرەشتیارەکانیش دەبێت شێوازی پاداشو سزا بەکاربهێنرێت، لەهەمانکات جوتیاری نمونەییو سەرپەرشتیاری کارامە ساڵانە خەڵات بکرێن.



دلاوەر عەلی سۆفی

## ئەرشیف

بناوانی وشەی ئەرشیف لەوشەیەکی لاتینیەوە (ئەرشیفۆم) سەرچاوەی گرتوە کە ئەویش لە Archeion ئارخیۆنی یۆنانیەوە هەڵیهێنجاوە، هەندێجار مەبەست لێی ئەو سندوقانە بوە کە دۆکۆمێنتەکانی تیادا ئەپارێزرا، مەبەستی سەرەکیش پاراستنی دۆکۆمێنت بوە، ئیتر ئەو دۆکۆمێنتانە کەسی بوبن یان سەر بەدامەزراوەیەک بن یاخود هەر جۆرێک بن، کە ئەگەر پۆلێن بکرێن ئەوا بەم جۆرە خاڵبەند ئەکرێت:

١- ئەرشیفی مێژوویی
٢- ئەرشیفی دادوەری
٣- ئەرشیفی ئەدەب وهونەر
٤- ئەرشیفی سیاسی
٥- ئەرشیفی کارگێڕی
٦- ئەرشیفی سەربازی
٧- ئەرشیفی نهێنی
٨- ئەرشیفی نەخشەو جوگرافیا

گرنگی ئەرشیف لەوەدایە جگە لەوەی سەرچاوەی لێکۆڵینەوەو ڕاستیەکانە ڕۆشنکەرەوەی مێژووشە، سودمەندە بۆ دەیان بواری خۆێندنو پسپۆڕی هەروەها بەسامانێکی نەتەوەیی گەلان دائەنرێ ئەرکی دەسەڵاتو هەمو دامەزراوەیەکو تاک بەتاکی کۆمەڵە کە بیپارێزێت لەهەر بوارێکدا بێت.

ئێمەی کورد لەبەرئەوەی دوژمنەکانمان هەرگیز نەیانویستوە مێژوویەکی ڕۆشنو دیارمان هەبێت، نەک پاکتاوی جەستەییو بەسوتماک کردنی نیشتمانەکەمان، بەڵکو هەوڵیانداوە مێژوو ئەرشیفەکەشمان بسڕنەوە. سوتاندنی گوندەکانی کوردستان بەشێک بو لەو پاکتاوە مێژووییە، لەکاتێکدا لەو گوندانەداو لەتاقی مزگەوتەکانیدا هەزاران دۆکۆمێنتو دەسنوسی شاعیرانو گەورە پیاوانی تیا پارێزرابو، کە زۆرێک لەو سامانە نەتەوەییە کەوتە بەر باهۆزی زەردی عەفلەقیەکان، بەپشتبەستن بەقورئانو سورەتی ئەنفال سەرەونگون کران.

من لێرەوە ئەڵێم مۆرانەکانی ناوخۆ لەدیکتاتۆرەکەی بەغدا کەمتریان نەکرد، بەڵکو تاوانی ئەوان گەورەترو قێزەونترە، کاتێک چەندین دەستنوسو دۆکۆمێنت کە بەپارەو زێڕ ناخەمڵێنرێ، دەستی ڕەشیان گەیشتە کتێبخانە گشتیەکانو تاڵانیان کرد، لەبەرامبەر چنگێ دۆلاری چڵکندا ڕادەستی دوژمنی سەرسەختی ئەم گەلەیان کرد. ئەم حاڵەتە ئەگەر کەم تەرخەمی دەسەڵات نیە ناوی چیە؟

لێرەدا بەناچاری نمونەیەک ئەهێنمەوە بۆ گەڕان بەدوای بەراییەکانی تۆمارکردنم لەقوتابخانەی گۆیژەی کچان، کە لەئێستادا ناوی سورکێویان لێناوە، بەنیازن بیکەنە مۆزەخانەی پەروەردە. وێڕای تێبینیم لەسەر دیاردەی ناوگۆڕینی قوتابخانەو شوێنە گشتیەکان کە لێرەدا بوار نیە باس لەو دیاردەیە بکەین، بۆ ئەبێت کەس نەزانێ ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندە کەوتۆتە کوێوە؟ لەکوێدا فەوتاوە؟ کە زۆرێک لەکوڕانی ئەم شارەو کچانو خانمان، بەراییو پەراوەکانیان لەو قوتابخانەیەدا بوە، یەکەم پیت لەژوورەکانی ئەو قوتابخانەیەدا فێربون، زۆریان گەشتونەتە پلەو پایەی بەرز لەدادوەرو پزیشکو ئەندازیارو.. هتد.

ئێستاش کە تەکنەۆلۆژیاو پێشکەوتنی کۆمپیوتەرو دیجیتاڵ وایکردوە زۆرێک لەدۆکۆمێنتەکان بەئەلەکترۆنی بکرێنو بپارێزرێن، بۆیە من لای خۆمەوە فەوتاندنی هەمو دوکۆمێنتو لاپەڕەیەک یان دێڕێکو بگرە وشەیەکیش لەئەرشیفی ئەم گەلە، نوسراوی سەرکاغەز بێت یان ئەلەکترۆنی بەتاوانی گەورە لەقەڵەم ئەدەم، هەرچەندە بەندە کۆڵم لەوە داوە ڕوبکەمە ئەوەی پێیئەڵێن پەرلەمان یان دەسەڵات، داوا بکەم پاراستنی ئەرشیفو دۆکۆمێنتەکان پێویستی بەوەیە بخرێتە ئەستۆی (......................) تا مێژوو ئەرشیفەکەشمان بەدەردی سامانەکەمان نەچێت، بە تاڵانیو بەقاچاغ نەبرێتو ئاودیو نەکرێت.

| خاوەنی ئیمتیاز | سەرنوسەر | جێگری سەرنوسەر | بەڕێوەبەری نووسین | سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی | دیزاین |
|---|---|---|---|---|---|
| ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی | ئاراس عەبدولکەریم مەعروف | دلاوەر عەلی سۆفی | یاسین ڕەحیم فەرەج | سەردار محەمەد | عادل عومەر |


# "ڕۆژین" خەون بەوەوە دەبینێت وەرزش لەکوردستان ببێت بەپیشەو بزنس

ئا: ڕێژەن سەردار

**ڕۆژین کچێکی تەمەن ٨ ساڵانەو وەرزشی فڕین بەپەڕەشوت ئەنجام دەدات، ئەو دەڵێت "بەهۆی ئەوەی کە وەرزشی فڕین بەپەڕەشوت وەک پێویست نەناسێنراوەو زۆر پەرەی پێنەدراوە، لەڕووی ئابوریەوە زۆر سودی لێوەرناگرینو زیاتر لەچوارچێوەی خولیاو ئارەزوودا ئەنجامی دەدەین".**

ڕۆژین بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "باوکم گەورەترین هاندەرم بووە بۆ ئەوەی کە وەرزشی فڕین بەپەڕەسوت ئەنجام بدەم، بەڵام بەداخەوە لەکوردستان وەرزش وەک پێویست بایەخی پێنادرێو هەموو خەونی من ئەوەیە وەک زۆربەی وڵاتان وەرزشو وەرزشەوانی ببێتە پیشەو بزنسو بژێویی ژیان دابین بکات".

باوکی ڕۆژین، فەرید فەتاح سەرۆکی یانەی خورماڵ بۆ وەرزشی فڕین لەمبارەوە بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "لەبەر ئەوەی زۆر هۆگری فڕین بەپەرەشوت بووم بڕیارمدا یانەیەکی وەرزشی تایبەت بەفڕینی پەرەشوت دروست بکەم بەناوی یانەی خورماڵ، کە لەئێستادا یانەکەمان خاوەنی ١٥ ئەندامە، چوار ئەندامی لەقۆناغی فێربوندان".

فەرید ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ مەشق کردن بەپەڕەشوت باشترە لەشوێنێکی خۆڵدا بێت، کە گردۆکەیەکی بچوکی تێدا بێت زۆر بەرز نەبێت، تاکو کەم کەم ڤێرخواز فێری فڕین دەبێت، دوای ئەوەی کە فێرخواز مەشقی تەواوی کرد لەچیای گۆیژەو لەچیاکانی هەڵەبجەو کۆیە فڕین بەپەرەشوت ئەنجام دەدات، ئەو وتی "من کچەکەم تەمەنی تەنها ٨ ساڵە، فڕین بە پەرەشوت ئەنجام دەداتو کوڕێکی تەمەن ١١ ساڵیش بەناوی هانۆ ئەندامی یانەکەمانەو فڕین ئەنجام دەدات، بەڵام بەداخەوە وەرزشی فڕین بەپەرەشوت، لەهەرێمی کوردستان وەک پێویست نەناسێنراوە، زۆر پەرەی پێنەدراوەو تازە سەریهەڵدا ئەگینا مرۆڤ بەسروشت حەزو خولیای فڕینی هەیە، ئەمە جگە لەوەی وەرزش لەوڵاتان پیشەو بزنسێکی زۆر گەورەو سوودبەخشە".

وتیشی "بەهۆی ئەوەی کە وەرزش زۆر پەرەی پێنەدراوە ئێمە لەئێستادا لەڕووی ئابوریەوە زۆر سودی لێوەرناگرین، کارەکە لەچوارچێوەی خولیای و ئارەزوودا ئەنجام دەدەین".

سەرۆکی یانەی خورماڵ بۆ وەرزشی فڕین ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو وەرزشێک مرۆڤ ئەنجامی دەدات ئەگەری هەیە ڕوداوی نەخوازراوی تووش بێت، ئەو وتی "ئەم وەرزشەی ئێمەش بێ بەش نیە لەمە، ئەو کەسانەی لەیانەکەمان ئەندامن دەبێت، ڕەچاوی کۆمەڵێک ڕێنمایی بکەن بەمەبەستی خۆپاراستن لەڕوداوی نەخوازراو یەکەم ڕێنمایە تەندروستییەکانە، خۆشبەختانە ئەو کەسانەی وەرزشی فڕین ئەنجام دەدەن زۆر پابەندن بە ڕێنمایەکانەوە، ئەم وەرزشەی ئێمە دەرفەتی سەرکەشی تێدا نیەو کەشوهەوا زۆر گرنگە، لەهەرێمی کوردستاندا ڕۆژانە لەدوو کاتدا دەتوانرێت فڕین ئەنجام بدرێت، بەیانیانو ئێواران، بەیانیان کاتژمێر ٧ بۆ ١٠ گونجاوەو ئێوارانیش لە داوای کاتژمێر چوارەوە گونجاوە".

سەبارەت بە بەشداری کردن لە پاڵەوانیەتی، فەرید وتی "لەبەرئەوەی لێرە وەرزشی فڕین تازەیە پاڵەوانیەتی زۆر کەمە، ساڵی ڕابردوو وەک یانەی خورماڵ پاڵەوانیەتیەکمان ساز کرد بۆ ئەندامانی یانەکەمان، لەهەرێمی کوردستان مەودای فڕین زۆر کەمترە بەراورد بە جیهان، لەوڵاتی ئێران فڕینی مەودا ٤٠٠ کیلۆمەترە، لێرە زۆرترین مەودا ١٠٠ کیلۆمەترە".

وتیشی "یانەی خورماڵ لەساڵی ٢٠٠٤وە دامەزراوە، بەڵام بەشی پەڕشوت لەساڵی ٢٠٢١ دامەزراوە بەهۆی ڕۆتیناتی ئیداریەوە ماوەی شەش مانگە مۆڵەتمان وەرگرتووە کە وەرزشی فڕین بە پەرەشوت ئەنجامبدەینو یانەکەمان بووەتە یانەیەکی تایبەت بەفڕینی پەڕەشوت".






ریکلام

سلێمانی داهاتووی ژینگەی عێراقە

پرۆژەی نیشتەجێبوونی گراند بوڵیڤارد، لە جوانترین و پاکترین شاری عێراقدایە، پرۆژەیەکە لە دڵی سلێمانیدایە.
گراند بوڵیڤارد بە باشترین شوێن، زۆرترین سەوزایی، بەرزترین کواڵیتی سەردەمیانە بە ناوبانگ دەبێت، فرسەتێك یەکجار ڕوودەدات.
لە گراند بوڵیڤارد نزیکتری لە هەموو شوێنێك.

السليمانية، مستقبل البيئة العراق

يقع مشروع گراند بوڵيڤارد في أجمل و أنظف مدينة في العراق، و يكون في قلب السليمانية. ستشتهر گراند بوڵيڤارد بأفضل موقع، اكثر المساحات الخضراء، أعلى مستويات الجودة في التفاصيل. فرصة العمر و لمرة واحدة.
گراند بوڵيڤارد انت أقرب من أي مكان آخر.

+964 770 727 7070

www.grandblvd.org
@GrandblvdNergis

ناونیشان
چوار ڕیانی سەرچنار
تەنیشت دادگای سلێمانی




گراند بوڵیڤارد
پارکی نێرگز

پەلە بکە و جوانترین بەدەست بێنە

بە قیستی 5 ساڵ

%75 Green Area
٪٧٥ باخ و سەوزایی

Climate Control
سیستەمی ساردی و گەرمی

Thermal Insulation Technology
عەزلی گەرما و سەرما

Sound Insulation
عەزلی دەنگ

Fresh Air Recovery
سیستەمی پاکژکردنەوەی هەوا

Water Filtration
فیلتەرکردنی ئاو

Central LPG System
سیستەمی غازی مەرکەزی